موئمین زەڵمی



# با گۆزەکە نەشکێ

## زنجیرە بابەتێکی پەروەردەیی

٢٠٢٠



- ناوی کتێب: با گۆزەکە نەشکێ
- ناساندن: زنجیرە بابەتێکی پەروەردەیی
- نوسەر: موئمین زەڵمی
- جۆر: پەروەردە
- ساڵی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٠

# پێشەکی

"دوو سێ ڕۆژ ئەوپەڕی بێتاقەت بووم، ئەو بابەتانەی تۆ ورەی پێدامەوە!"

ئەمە قسەی هاوڕێیەکی بەڕێزە پاش خوێندنەوەی بەشێک لە پارچە نوسینانەی لە سۆشیاڵ میدیا پۆستم کردبوون، من دڵخۆشم پێی و لە خوا داواکارم کەس دڵتەنگ نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە نوسین ئەگەر قسەی دڵ بێت، پێم وایە دەگاتە دڵەکان، من ئەوەی دەینوسم باوەڕم پێیەتی، بڕوای تەواویشم هەیە گۆڕینی بیرکردنەوەمان، گواستنەوەی بیرکردنەوەکان و بە شێوەیەکی گشتی بیرکردنەوە لە دەرەوەی تەلبەندەکەوە ئەرکی سەرشانمانە و لە ئێستادا لە نرخی نەوت و شەڕی سیاسی و چەلەحانێی ناوچەگەرێتی بە پێویستتری دەزانم، لە پۆست و وتارەکانیتریشدا هەوڵمداوە چی خۆم دەیبینم، ئەوە باس بکەم، چی ئازاری داوم ئەوە دەرببڕم، و چی پێویستیی خەڵک بوو ئەوە بە خەمی خۆم بزانم، بۆیەش دڵخۆشم ئەگەر توانیبێتم لە بەرەی چاکەخوازان و گێڕەڕەوەکانی "هیواداری" دا خزمەت بکەم، ئەمە بە دین و ژیین ئەزانم و پێم وایە تەنها تۆراوەکانی ئایین وژیانن ئەوانەی بێ هیوایی پەرەپێدەدەن!

خەڵکێکی زۆر هەیە پێویستی بەوە نیە تۆ پارەی گیرفانتی لەگەڵ بەش بکەی، پێویستیشی بەوە نیە دەعوەتی خواردنێکی شاهانەی بکەی، تەنها و تەنها ڕەشبینی بە دەوروبەریدا مەپرژێنە،و بێهیوایی لە نزیکییەوە مەچێنە، و دونیای لێ مەکەرە چەرمە چۆلەکە!

خوێنەری بەڕێز .. ئەم کتێبەی بەردەستت کۆکراوەی زنجیرەیەکی پەروەردەیی کە ماوەی کەرەنتین بۆ خۆپارێزی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لە بەهار و ڕەمەزانی ساڵی دووهەزار و بیست دا نوسراون، پارچە نوسینەکان قسەکردنە لەسەر دەردە کۆمەڵایەتی و جڤاکییەکان.

با گۆزەکە نەشکێ، خەمێکە بۆ ئاڕاستەی راستکردنەوەی کۆمەڵگە لەو نادادییە کۆمەڵایەتییەی تێیکەوتووین.

**حوزەیرانی ٢٠٢٠**



# متمانە

**حکومەت: ئاماژەی ترسناکی کۆرۆنا هەیە!**

**خەڵک: ئەسڵ و ئەساسی نیە!**

**ساڵی ٢٠١٥ وتارێکم نوسی "پەروەردە لە ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ دەسەڵات"، وردکردنەوەیە لەسەر نەمانی متمانەی نێوان حکومەت و خەڵک، کە متمانە نەما ئیتر هیچ بە دەستەوە! ئیمە بۆ گێڕانەوەی متمانە پێویستمان بە یەک شتە ئەویش پەروەردەیە. پەروەردە بە کورتی یانی ئەوەی حزب لە کاتی هەڵبژاردندا هەموو فێڵێک بەکارنەهێنێت کە دواجار هەم بێمتمانەیی هەم بێ هیوایی لێ بکەوێتەوە، یانی وەزیر و پەردەمانتار کە پۆستیان وەرگرت ئیتر لە کەوڵی خۆیان نەیێنە دەرەوە و متمانەی خەڵک بشکێنن، یانی کومپانیا و بازاڕ خەریکی ساغکردنەوەی کاڵای خراپ نەبن و بێ متمانەیی زیاتر سەوز بکەن، یانی زانکۆ و پەیمانگاکان کوالێتیان هەبێت و بە کرداری متمانە ڕەنگ پێبدەنەوە نەک ببنە بارگرانی ... تاد.**

**بۆ گێڕانەوەی متمانە پێویستمان بە لەڕەگدەرهێنانی چاوچنۆکییە ئەوەش تەنها بە باڵادەستی پەروەردە دەکرێت!**

# کۆڵانی عەشق

کاتێ عەشق سەرئەکا بە کۆڵانێکا، کاتێ پرشەکانی دەپرژێنێتە ئەم ناوە، نەک هەر شنەبایەک لێرەوە ئەشنێتەوە، گوڵەکانیش بۆن ئەپژێنن، پاسارییەکان جریوەیان نەرمتر ئەبێ و جۆگەلەکە خوڕتر ئەبێ و بە گەڵا کەوتووەکانی دار پرتەقاڵەکە بەردەم هەموو ماڵەکان ڕەنگ ئەکا، تۆش ڕائەکێشێتە کەناری حەوزە شینەکە و گوڵە ژاکاوەکانی فەرشەکە شانە ئەکەی، سێوی ناو حەوزەکە و دوو ماسییە سوورەکە ئەخاتە سەما، شتێکیتریش ئەبەخشێتە ئێرە.

کاتێ عەشق ڕێی ئەکەوێتە ئێرە، نانە گەرمەکان بۆنخۆشتر و ریحانەکان ڕەشتر و پەنجۆڵەی مناڵەکان شیرینتر ئەموچێنێتەوە، کاتێ لێرەوە هەوارێ هەڵئەدا، ئیتر هەمووان ڕەنگین و ئیتر ئارامی دێنێتەوە بۆ ئێرە و ئیتر ژیان ئەکاتەوە سەرگەرمییەکیتر بۆ ئەم وەرزە.

ئەو وەرزەی عەشق بباریٚ، کەس چەتر هەڵنادا و کەس فەرەنجیەکەی ناخاتە سەرشان و کەس چەتفەکەی ناکاتە

**کۆڵی و کەس هەورییەکەی نادا بەسەریا و منیش ملپێچە تازەکەی ئەمساڵت ناپێچمە مل، ئیتر کەس دەستەکانی ناتەزێ و کەس قاچەکانی نائاوسێ و کەسیش لێرەوە برسی نابێ.**

**کاتێ عەشق لێرەوە ڕەت ئەبێ، شتێ یانی ئاوەدانی کۆڵانەکە و یانی ئەو خۆشییەی لە کوچەکەیا دەبێتە سەوقاتی، شتێ یانی دەنگی گیتارێک لە پەنجەرەی دراوسێکەوە لەگەڵ شەماڵا دێت و یانی ئارامییەک بە نشینگەیی ئێرەمانەوە ئەگیرسێتەوە.**

# دەستی خوا

خودا لە کام تێگەشتنی ئێمەدا جێی دەبێتەوە، لە کام بیرکردنەوەدا پێی دەگەین، لە کام نوێژ و کام پەرەستش و کام نزایا دەیدۆزینەوە.

چەند رکات نوێژمان کرد و خوامان لەبیر نەبوو، چەند رۆژمان بە تینویەتی و برسیەتییەوە تێپەڕاند و خوا نەهاتە هەیوانی خەیاڵمانەوە، چەندێک لە تەمەنمان ڕۆشتووە و چەنیترمان ماوە، ئێمە کەی خوا دەدۆزینەوە؟

"هەر سەیری ئەم گەردوونە و ئاسمانەکان و زەوی، ئەستێرەکان و مانگ و خۆر بکەن، دەسەڵاتی خوا دەبینن"، زۆرجار ئەمەمان بیستووە، بەڵام بۆچی هێشتاش هەر چێژی دیداری خوا، هەر بیرکردنەوە لە دیداری خوا، تێگەشتن لە خۆشەویستی خوا لە درک پێکردنێکی ساردوساڕ زیاتر نایەتە گیانمانەوە!

کاتی ئەوە نیە شێوازی خواپەرەستی، جۆری خواپەرەستی، و نزیکبوونەوەی زیاتر لەخوا بگوازینەوە، لەقوڵاییەکانی خۆمانەوە و لە هەڵسوکەوتی رۆژانەمانەوە خوا بدۆزینەوە؟

نانێکی گەرم بدە بە دەست منداڵێکی برسییەوە، پارەی دەرمانی ئەمڕۆ بخە گیرفانی نەخۆشێکەوە، برین و زەخمی ساری قەرزدارێک سارێژ بکە، ئەو برینەی قەرزار هەیەتی هیچ نەخۆشییەکی بەخۆیەوە نەیدیوە، زەخمی قەرزاری جیاوازە لە زەخمی شێرپەنجەو شەکرەش، هەمیشە تەڕە، عەمەلیات ناکرێ و تیماری یەکجارە. روویەکی خۆش بەرامبەر بەو کەسەی پێویستییەک دەیهێنێتە لای تۆ بەرەکەتە، دڵدانەوەی دڵشکاوێک لەو کاتەی کەسی نیەسەر بخاتەسەرشانی رەحمەتە، تۆ ئەمانە و بکە بە دڵێک ئارامەوە سەر بخەسەر سەرین و بنوو.

نوری خوا دەچێتە ئەو دڵانەی نوریان دەوێ، سۆزی خوا دەچێتە ئەو لەشولارەی بۆ خوا دەژیت، بۆ خوا دەبەخشێت.

مامەڵەی باش، رەوشتی بەرز و ئەخلاقی بەرز و ئیمانی بەرزە، کە هێزی خۆشەویستی و چاکەخوازی دەبەخشێت، ئەو خوایەی ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین خۆی ڕێگاکەی خستۆتە دڵی پەیامبەرەکانییەوە "باشترینتان ئەوانەن بۆخەڵک باشن".

"بەخوای گەورە و تەعالا صادیقانە و صەمیمانە ئێژم پێتان ئیمانێک دروست و ئیسلامی لە دڵێکدا جێی ناگرێ تا لەبەرا ئەو دڵە جێی موحیبەتی هەژار و فەقیر نەبێت، موحیبەتی هەژار و فەقیر لە دڵێکا نەبوو، موحیبەتی خوا و پێغەمبەر (د.خ) دانامەزرێ، موحیبەتی خوا و پێغەمبەر(د.خ) دانەمەزرا ئیتر ئیمان چیە؟ جا ئەم نوقتە ببیستن و بیگرنە دڵ و بە عالەمی حاڵی بکەن کە گەرەکتە موسڵمان بیت، گەرەکتە ئیمانت ببێت، گەرەکتە خۆشەویستی لای خوا و پێغەمبەر (د.خ) بیت، پر بە دڵ فیکر لە موحیبەتی هەژار و فەقیر بکەرەوە، رواڵەتیشت تەتبیق بکە لەگەڵیانا" رۆحی کاک ئەحمەد شاد بێت بۆ ئەم تێگەشتنە بەرزە. "هەژارەکان و قەرزارەکانتان خۆش بوێ، تا خۆشەویستی خوا بێتە دڵتانەوە"

دۆزینەوەی خوا لەدڵی هەژارەکانەوە خێراتر و ئاسانتر و ئەهوەنترە.

# خەم

خەم، یانی شتێ گیانی گرتووی، قاچەکانتی لەپێ خستووە، تفت پێ قووت نادرێ، چاوەکانت ڕێچکەو پێچکەیانە، دەستەکانت لەرز گرتونی، دڵت پڕ خەریکە لێی دەڕژێ، یانی شەو ڕۆژت لێتێکچووە.

دەمێ حاڵی گاڵەگاڵ دەتگرێ و دەمێ دێوانەیی تەنیابوونەوە و دەمێکیش دەروێشییەکی دژەباو، یانی دەڵێی دونیا بە کۆڵتەوەیە، دەڵێی کەشتیت غەرق بووە، دەڵێی لە ناوڕاستی بیابانا چەقیوی و وشترەکەت مردووە بە دەستتەوە و هیچ دەرەچەیەکت لێوە نابینرێ، دەڵێی بە داڵانییەوەی و بزە چارەت لێ عاسی بووە، بەجێی دەهێڵی گورگ دەیخوا، ناشتوانی لە تاشەسەختە رزگاری بکەی، دەڵێی لە ناوەڕاستی ئیجەیای و بەلەمەکەتان کەوتۆتە سەر لا و هاوسەفەرەکانت بەسەر ئاوەوە شەپەیان دێ و نرکەیان زوو زوو کپ ئەبێ و ئاها چەند دەقەیەکیتر تۆشی دەبیتە ژەمی ماسییە زەبەلاحە تانتیژەکان.

خەم یانی شتێ لە بێمانایی ژیان، کە خەم نزیکت کەوتەوە، کە گۆرانی سەوزەڵە خانمی کردە کەیفوسەوای رۆژەکانت، کە خەوی شەوانی لێدزیت، ئیتر مانایەک نیە بۆ مانا!

مادام وایە، تۆ نەهێڵی خەم بێ بەلاتا، نەهێڵی چاوت لێ داگرێ، نەهێڵی بە میوانیش بێ بە ماڵتا، هاونشینی خەم گیرۆدەت ئەکا گیرۆدە، دانی لێ جیڕکەرەوە، لوتی بشکێنە، تەفروتونای بکە تەفروتونا، نەهێڵی بێتە گیانتەوە!



# دەنگێک لە نزیکمانەوە

دەنگێکی نزیک، لە تەمەنی زارۆڵەیی، بە تەنیشت خەیاڵەکانی پیاسەیەکی ڕەنگینی کۆڵانەکانی موجەمەعەی خورماڵ و مزگەوتی چەقڵاوا، بە تامی کۆبوونەوی شەوانەی دەوری فانۆسەکەی کاک ئەکرەم ئەمین، ئاخر بۆ ئێمەی منداڵانی ئاوارەی ئێرانی تازەگەڕاوە ئەو هەم مەحرەمی ئاشنایی بوو هەم ویردی خێر، شەوان دوای نوێژی عیشا، لە دەوری چەند چرایەکی نەوتی و گڕسۆز کۆدەبووینەوە و دەوری قورئانمان دەکردەوە، لەسەر پارچە کاغەزی بچوکیش کاک ئەکرەم عەزیەتی نوسینەوەی زیکرەکانی نوێژ و سوجدەی قورئان خوێندنەوەی پێ لەبەر دەکرین، ئەو موسعەبێک بوو پڕ لە ورە و وزە بە ڕۆژ لە بازاڕ میوە و سەوزەی دەفرۆشت و شەوانی ئێمەشی پڕ لە عەتر و بۆنی میوەکانی دەکرد.

یادەوەری ساڵانی کۆتایی سەدەی بیست بۆ ئێمە لە میحنەتی هەموو سەدەکەش سەیرتر بوو، هەندێ جار هەستت دەکرد هەر بەڕاستی تۆ هی دوو هەزار نیت و

ناشبیت، ئاخر ژیانی ئێرە لە هەزارو نۆسەدا مابوویەوە، هێشتا هیچ قنجەبرسییەکی مۆدێرنە نەگەشتۆتە ئێرە، کۆڵانەکانی خورماڵ تاریک و هەر گەڕەکێک چەند دارتویەکی تیایە کە بەسەر دیوارە قوڕینەکانی حەوشەکاندا ملیان شۆڕکردۆتەوە، ناوڕاستی کۆڵانەکان جوگەلە و مەزرای درێژ لەمسەر تا ئەو سەر، زستانان قوڕ و چڵپاو، هاوینانیش گوێت لە حەکایتخوانی و قاقای خەڵک بوو جێگایان دەبردە سەر بان بۆ خەوێکی شاهەنشای شەوانی ژێر سایەقەی ئاسمان.

مەلا سەرهەنگ حاجی عابید دەنگێکی ئەو ساتانە و یادەوەرییەکی ئەو ساڵانە و جوانییەکی خورماڵە، لە دەنگەکەیەوە تۆ پەرستشێکی هەورامیانە دەبینی و هەستێکی ناوازە کە لە دەستپێچکە شیعرێکی مەولەوی و لەتەرەی شێخانەیەکی عوسمانەوە رێسراوە.

ئەم دەنگە ڕۆح ئارام ئەکاتەوە و دڵ ئەگەشێنیتەوە.



# منداڵەکەم

"ئەو منداڵەی ئێوە زۆر لاسارە، بەخوا بێعارە، ئەڵێی خاکە، ماشەڵا دەڵێی جیوەی تێ کراوە، لاسار، قسەزل و ...تاد"

ڕۆژانە چەند کەس وا بە منداڵەکانمان دەڵێت، چەند جار بێ ئەوەی پێمان خۆش بێت منداڵەکانمان دەشکێنێت، "پەروەردەی منداڵ" جیاواز لە هەر توێژێکیتر، پەروەردەیەکی فرەڕەهەندە، یانی تەنها خێزان نا، بەڵکو دراوسێ و خزم وەسوکار لە ڕێگە تێکەڵاوییە جیاوازەکانەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر پەروەردەکە.

دکتۆر کەریم قەرەچەتانی پەروەردەی منداڵ بۆ پێنج جۆر پۆلێن دەکات و باشترین جۆریش ئەوەیە کە "منداڵەکەت هەڵەی کرد تێی بگەیەنی کە هەڵەی کردووە و کاری باشی کرد پاداشتی بکەی"، بەڵام ئێمە بە راستی لەناوەندی وەزعەکەداین.

منداڵەکانمان بەو جۆرەی دەمانەوێ ناتوانین پەروەردە بکەین، بەشێکی زۆری هۆکارەکەش دەستێوەردانی

ئەوانیترە، تێکەڵاوی ناپێویست و هاتوچۆی ناسازە، لە هەمووشی خراپتر چاوپێهەڵنەهێنانە، هەر منداڵێکی باش بەرچاو کەوت، بە ناوی دڵسۆزییەوە هەزارو یەک ڕەخنە و قسەی سارد و تالیقی راپی تێدەگرن.

ئەوە هەر هیچ کە خوانەخواستە ئەگەر لە بەرامبەر چاوی خەڵکیتردا، منداڵ ناڕاستییەک بڵێت یان قسەیەکی گەورەتر بکات.فەرموون بۆ خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتەی د. عەلی شەریعەتی:

"حەوت هەشت ساڵێک تەمەنم بوو سەبەتەیەکی بچوکم بە دەستەوە بوو پێنج تمەنیشی تێدا بوو لەگەڵ لیستی داواکاریەکانی دایکم، ئەو سەردەمە وەک ئێستا نەبوو منداڵ بگاتە تەمەنی زانکۆش هەر کەسێکی لەگەڵدا بێت و تا بەر دەرگای زانکۆکە بیگەیەنێت! میوە و سەوزەکەم کڕی و کۆی پارەکەی بایی سێ تمەن و نیو بوو، منیش بە دزی دایکمەوە ماوەی پارەکەم دا بە کێکێکی کشمیشی و ساردیەکی کانادارم لەگەڵی کڕی و هەر بەرانبەر میوە فرۆشیەکە دانیشتم و بە دیار جۆگەلەی قەراخ شۆستەکەی ناوشارەوە خواردم وەک بڵێی لە کەناراوەکانی مەدیتەرانە لام داوە، بێ ئێوە ناخۆش زۆر خۆش و بە تام بوو چێژم لێبینی".

"کاتێک گەڕامەوە بۆماڵەوە دایکم پرسیاری لێکردم ئەی کوا چیت لەو پارەیە کردوە کە ماوەتەوە؟ لە ڕاستیدا منیش ترسام ڕاستیەکە بڵێم وتم هەموی بایی پێنج تمەنەکە بوو هیچی نەمایەوە، دایکم تەماشایەکی کردم و لە بەر خۆیەوە بۆڵە بۆڵێکی کرد و تەواو، منیش لە ناخی خۆمدا شانازیم بە خۆمەوە دەکرد و دەموت چەندە زیرەکم دایکم گومانی نەکرد ، هەرچەند بەردەوامیش لە دڵە ڕاوکێ و دوو دڵیدا بووم."

"چەند ڕۆژێک تێپەڕی لەگەڵ دایکم چوین بۆ بازاڕ و چوینەوە بۆ میوە فرۆشیەکە ، دایکم پرسیاری لە میوە فرۆشەکە کرد و وتی: بێزەحمەت میوە و سەوزە گران بووە؟ حاجی میوەفرۆشیش، ڕوی کردە دایکم و وتی نەوەڵا کچم هەر وەک جارانە بۆ دەپرسی؟ دایکم وتی ئاخر ئەو ڕۆژە باقی پارەکەی کوڕەکەمت نەداوەتەوە ، حاجی سەیرێکی منی کرد و بزەیەکی کرد زانیم یەکسەر وێنەی ڕوداوەکانی دوێنی و ساردی و کێک خواردنەکەی هاتۆتەوە بەرچاو وتی: "ئاە کچم تۆ ڕاست دەکەی ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ڕۆژە سەرقاڵ بوم بیرم چو باقی پارەکەتان بدەمەوە ، دەی قەینا وا من قەرزارم چیتان ویست هەڵی گرن و ببورن!""

بۆ چەند ساتێک لە جێگەی خوم وشک بووم ، وای ئەگەر حاجی دەمی بکردایەتەوە و ڕاستییەکانی بوتایە چیم بەسەر دەهات؟ دو تاوانم کرد یەکەم درۆ کردن لەگەڵ دایکم و دووەم تۆمەت هەڵبەستن بۆ حاجی.. دایکم لە دوکانەکە چو دەرەوە من هەر لە ژورێ بووم.حاجی تەماشایەکی کردم و هاتە پێشەوە پێی وتم ، ئەمجارە میوانی خۆم بووی، بەڵام نازانم جاری داهاتو گەر شتێکی وا روبدات کەس میوانت دەکا یا نا!"

"ئێستا من دوای ٤٤ ساڵ هەمان خەندە و هەمان پەندم لەبیرە، هەزاران جار لە خۆم پرسیوە ئەو مرۆڤانە کوان؟ بۆ کوێ ڕۆشتن ، بۆ نەماون؟ بۆ ژمارەیان هێندە کەم بۆتەوە؟مرۆڤگەلێک کە لە شوشە دروست کرابوون، کەسانێک کە هەرگیز هیچ کتێبێکی دەرونناسیان نەخوێندبوویەوە، مرۆڤگەلیک کە ماڵیکی واشیان نەبوو تا بیبەخشن!"

# زمان نەزانین

زمان-نەزانین زۆر خۆشە، بەڵام بتوانی لە زمانێکتر تێبگەی و بنوسی و قسەی پێ بکەی، زۆر شتێکی باش و گەورەیەو وەک دەڵێن چەند زمان بزانی ئەوەندە کەسایەتی جیاوازت هەیە، بەڵام چێژ و خۆشییەک هەیە لە زمان-نەزانین دا لە زانینەکەیدا دەست ناکەوێ، چێژی تێکەڵی وشە و رستە و رێزمان و گۆکردن، من زۆر دڵخۆشم کەسێک زمانێک نازانێ بەڵام هەوڵی لەگەڵ ئەدا و خۆشی ناشکێنێتەوە.

ساڵی ٢٠١٢ لە هیند بووین، م. کامەران وەڵزی، خۆی فێرەی زمانی هیندی کردووە، جگەلە خۆی بەشەری خوا لێی تێناگا، تەنیا گۆکردنەکەی وەرگرتووە و ئیتر ئەوی تری خۆی دەیدا بە دەمەوە. م. رزگار عوسمان خوا خێری بنوسێ شەش کەلیمە هیندی فێربوو، دوانیانی بە ئێمە وتبوویەوە، جا وتم گەشتینە هەر کەس دوو رستەکە دەڵێین: (کانا کایا؟ /نانت خواردووە؟، کیا کایا/چیت خواردووە؟)، جا بیهێنە بەرچاوت پرۆفیسۆرێکی گەورەی

هیندی هاتووە و تۆش کۆنفرانسی بۆ تەرجەمە ئەکەی هەر ئەو دوو رستەیت لە زمان دێتەدەرێ!

ڤیدیۆیەکی تازە بڵاو بووەتەوە، پیاوێکی هەورامیە و بە کوردی ناوەڕاست قسە دەکا، ئەوەندە مسەیتەرە هەر مەپرسە، کەچی نە رێزمانی تەواوە، نە گۆکردنی، یەک کۆڵ دڵخۆشی لێوە وەر ئەگری. هاوڕێیەک دەیگوت، من زمانە فەرەنسیەکەم لە ئیسپانییەکەم باشترە، هیچ کامیشی نەدەزانی، بەس وشەیەکی فەرەنسی بیستبوو!

زمان زانین بەرەکەتە، تا دەتوانن خۆتان فێری زمان بکەن

# پرشەکانی نوور

گرنگی نزیکبوونەوە، چێژی بەرکەوتنی پرشەکانی نوور، ئەو هەستەیە کە ئاواتی بەندەکانە، هەمووان بەدوای ئەو چرکە ساتەوەن، ڕێگاکانی گەشتن بە خوا ئەگەر ئەوەندە نزیکت نەکەنەوە، بگەیتە گەورەییەکەی، ڕێگای لاوەکی و تولەڕێن، ئەوان بتیان دەپەرست دەیانوت بۆ ئەوەی لە خوامان نزیک بخەنەوە، ئەوانیتر ئیمانیان هێنا و بوونە ئیماندار و وتیشیان دەمانەوێ لە خوا نزیکتر بکەوینەوە.

نزیکبوونەوە لە خوا تا گەشتن بە دیداری جەلالەت هەر یەکەو بە جۆرێک قوولی کردۆتەوە، ئێمە ڕۆژانە چەندین جار دەڵێین "الله اکبر" خوا گەورەیە، کام گەورە، گەورەی چۆن، خۆ نەماندیوە ئەی چۆن گەورەییەکەی درک پێدەکەین، خۆشمان دەوێ و خۆشەویستی بۆ هەڵدەڕێژین، نزای لا دەکەین، دەستەکانی لا پان دەکەینەوە، نیایشی لا هەڵدەرێژین، دەردەدڵی لەگەڵ ئەکەین، عەیب و عار و بوون و نەبوونیەکانی لا باس ئەکەین، فەقیری و قەرزاری و برسیەتی دەکەینە هانا و دەیبەینەوە ئاستانەکەی خۆی،

کەچی هێشتاش درک بە گەورەییەکەی ناکەین، دەزانین هیچ شتێ بێ ئەو ناکرێ، کەچی درودۆنگین لە تێگەشتن لەو جەلالەتەی هەموو ژیانی داپۆشیوین.

ئەڵاهوئەکبەر یانی خوا گەورەیە، زۆر گەورە، ئەی بۆچی ئێمە هەر خەریکین دووبارەی ئەکەینەوە، لە نوێژ و زیرک و وێرد و دەور کردنەوەکانماندا دووبارەی دەکەینەوە، لەسەر ملوانکە و مستیلەکانمان دینوسین، لەسەر دیوارەکانی ماڵ و مزگەوت لەزەخرەفەی جیاواز جیاوازدا دەینەخشێنین، ئەم گەورەییە کامەیە؟

ئەم گەورەیە ئەوەیە کە شەمسی تەبریزی وەڵام دەداتەوە "کاتێ وتت الله اکبر، یانی خوا گەورەترە لە هەرچی شتێ دێ بە خەیاڵتا، یانی خوا پێت دەفەرموێ: لەوێ مەوەستە، وەرە نزیک بەرەوە تا گەورەییەکەم ببینی، چاو بکەرەوە و بگەڕێ ڕەنگە خۆم بدۆزیتەوە".



# خۆپیشاندان

* مافە، بەڵام کاتێک بەرپرسە حزبییەکەت تەلەفۆنی بۆ کردی و ئەویش تەلەفۆنی بۆ کرابوو، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە نەهێنیت!

* بەڵام دژی حزبەکەت بێدەنگ نەبیت و نەهێڵیت مامەڵە بە هوتافەکانی تۆوە بکات!

* بەڵام هاتوهاوار و هوتاف کێشانەکانت بۆ ئەوە نەبێت سبەینێ حزب بتکاتە کاندید و دەنگی پێ کۆ بکەیتەوە!

* بەڵام کە سبەینێ حکومەت موچەی وەزارەتەکەی تۆی دا بێدەنگ نەبیت و دژی خۆپیشاندان بوەستیتەوە!

* بەڵام لەماڵەوە دانەنیشیت و خەڵک گەرم بکەیت و بەواتسئەپ خەریک بی لەگەڵ بەرپرسانی حزبەکانیتر نوکتە بگۆڕیتەوە!

* بەڵام خۆت بە پاڵەوان و خەڵکیتر بە خیانەتکار نەزانیت!

# جیاوازییەکی سەیر!

"با لە بیرمان بێت کە؛ کتێبێک، قەڵەمێک، قوتابییەک و مامۆستایەک دەتوانن جیهان بگۆڕن!"

مەلالای کچە لێهاتووی پاکستانی کە براوەی خەڵاتی نۆبڵە بەم شێوەیە باس لەڕۆڵ و پێگەی مامۆستا دەکات، بەڵام کێ ڕێزی مامۆستا دەگرێت؟

بەراوردی ئەم دوو ڕووداوە بکەن، ئەنشتاین لە ساڵی (١٩٢٢)، لەسەروبەندی بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ لە فیزیا، سەردانی یابانی کرد، لەو ئوتێلەی کە تێیدا مایەوە، پارەی نەبوو بیداتە ئەو خزمەتگوزارەی چایەکی بۆ هێنابوو! لە کاغەزێکدا ڕستەیەکی بۆ نوسی و پاش واژۆکردنی ئامۆژگاری کرد بیپارێزێت. دوای ٩٥ ساڵ، لە ڕۆژی (٢٤/١٠/٢٠١٧)، برازایەکی ئەو خزمەتگوزارە، بۆ فرۆشتنی ئەو پارچە نوسینەی ئەنشتاین، پەیوەندی بە مەزادخانەیەکەوە دەکات، یەکەم کڕیار بەهای (٢٠٠٠) دۆلار لەسەر نوسینەکەی ئەنشتاین دادەنێت، پاش چارەکە

سەعاتێك نرخەکەی، لە یەك ملێون و سێسەد هەزار دۆلار دەوەستێت.

"ژیانێکی ئارام و سادە، شادومانهێنترە، تا ژیانێك کە پڕبێ لە کۆشش و ماندوبوونی بەردەوام، بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن." ئەمە ئەو دوو دێڕە بوو ئەنیشتاین بۆ خزمەتگوزارە یابانییەکەی نوسیبوو.

بەڵام لە ساڵی(١٩٥٨) پرۆفیسۆر عەبدولجەبار عەبدوڵا یەکێك بوو لە خوێندکارەکانی ئەنشتاین، لە پەیمانگای ماساشۆستس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. کاتێك کودەتا بەسەر دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم دا کرا، لە ساڵی (١٩٦٣)، ئەم پرۆفیسۆرە کە خوێندکاری ئەنشتاین و یەکێك بوو لە فیزیکناسەکانی ئەو کاتەی عێراق، هاوڕێ لەگەڵ چەندین سیاسیی و ئەفسەر و مامۆستای تردا دەستبەسەرکران و خرانە زیندان. کاتێك پرۆفیسۆر ئازادکرا، سەری خۆی هەڵگرت و چوو بۆ ئەمریکا، لەوێ لە هەمان پەیمانگای ماساشۆستس بوو بە ئوستاد، سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا، میدالی زانای پێبەخشی، کە بەرزترین میداله لەو وڵاتە. یەکێك لەوانەی لە زینداندا لە گەڵ ئەم پرۆفیسۆرە بوو کە بە باشی دەیناسی دەڵێت: "دەمبینی پرۆفیسۆر عەبدولجەبار لە تێڕاماندا نوقم دەبوو، هەندێجاریش فرمێسکەکانیشی

شۆڕدەبوونەوە." ڕۆژێك پرسیارم لێکرد بۆ دەگریت؟ وتی: "کاتێك حەرەسی قەومی هاتن بۆ گرتنم یەکێکیان بەلێدانێك تەختی زەوی کردم و گیرفانەکانمی پشکنی، هەرچی تیا بوو بردی، لەوانە قەڵەمێك، کە ئەنشتاین لە ڕۆژی وەرگرتنی دوکتۆراکەم دا بەدیاری پێیدابووم، هەمان قەڵەمیش بوو ،کە واژۆی دکتۆراکەمی پێکردبوو، قەڵەمێکی جوان بوو لە یاقوتی سوور، قەڵەمێك بوو تەنها بۆ ئیمزاکردنی بڕوانامەی خوێندکارەکانم بەکارم دەهێنا لە زانکۆی بەغداد."

ئەم زانایە کەمێك بێدەنگ بوو و وتی: "نە لێدانەکە و نە شێوازی شەرمهێنی گرتنەکە ئازاریان نەدام، ئەوەی زیاتر ئازاریدام، ئەوەی کە لێیدام خوێندکاری خۆم بوو!"

خزمەتگوزارە یابانییەکە، ڕێزی لە ئەنشتاین گرت و کاغەزەکەی بۆ نەوەکانی پاراست، لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێرە ئەنشتاینەکەی عێراقیان شەرمەزارکرد، قەڵەمەکەی ئەنشتاین یشیان شکاند!

ساڵی ٢٠١٥ دێڕێکم نوسی و دووبارە دەینوسمەوە: "هەموو شۆڕشەکانیتر ڕابگرن، ئێمە پێویستمان بە شۆڕشی پەروەردەییە"

# نانی هونەر

پاییزی ٢٠١١ لە هیندستان، لە پیاسەیەکی ئێوارانی ئێم جی ڕۆد -شەقامی غاندی-، ئەم گەنجە سەرنجی ڕاکێشاین، زۆرن ئەوانەی هەوڵ ئەدەن سەریان شۆڕ نەبێت و هەمیشە بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن, بۆ ئەوەی تەنانەت لە شەڕی مان و ژیانیشدا هەر خۆیان بن و دەمیان بۆ دەستی هیچ کەس نەبەن, ئەو گەنجێکی خوێن شیرینە و بە سیحری هونەرەکەی هەموو ئەو پیادەڕەوانە ڕادەگرێ کە بە شەقامی مەهاتما غاندی شاری بەنگەلۆردا ڕەت دەبن، لەو چەند خولەکەی کە بە تەماشاکردنی هونەرکەیەوە وەستاین, بۆ خۆی هێمنانە بە نیشانەی سوپاسکردن ملی با دەدا.

ئەم گەنجە کە خۆی بە ( مەنیش) تەمەن ٢٨ ساڵ ناساند, ئاماژەی بەوە کرد کە ڕۆژانە لەم شەقامەدا دادەنیشێت، بە هۆی ئەوەی کە دەستی نیە، بە (پەنجەی قاچەکانی) وێنە دەکێشێت و بەوەش توانیویەتی سەرنجی ئەو پیادەرەوانە ڕابکێشێت کە لەوێوە گوزرە دەکەن,

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی هەر یەکێك لەوانە ئەسکەناسێکی پێ بدا, ئیتر ژیانی ئەو لەسەر ئەو کارە وەستاوە.

لە هیندستان, دەکرێ بوترێ مرۆڤەکان شەڕ لە پێناوی ژیاندا دەکەن, ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هیندی لە ئاستێکی خواری هەژاریدان و پێویستە هەوڵی ژیانی خۆیان بدەن. هەروەك باسیلەوەکرد: "ئەو وێنانە دەکێشم کە سەرنجڕاکێشن, هەندێ جاریش وێنەی ئەو منداڵانە دەکێشم کە لەگەڵ خانەوادەکانیاندا لێرەوە ڕەت دەبن". وتیشی: "لە منداڵیەوە حەزی لە وێنەکێشانە, ئاواتیشیەتی کە ڕۆژێك ببێتە وێنەکێشێکی بەناوبانگ".

# وەسیەت

زۆرێک پێش ئەوەی دونیای فانی بەجێبهێڵن، وەسیەت دەکەن، لەسەر پێستی ئاسک و لەسەر بەردو لەسەر پارچە تەختەوە بیگرە، تا پەڕەی زەرد و ئەی فۆڕ، تا فایلێک لە ناو کۆمپیوتەرێک و تا پۆستێکی فەیس بووکی "فقط انا".

من زۆرێک لە یادەوەرییەکانم دەنوسمەوە، بەڵام هێشتا رێم نەکەوتووتە مردن، رەنگە رۆژێک لەسەر کانییەک یان بن دارێک یان هۆڵێکی زانکۆ و یانیش کتێبخانە وکافەیەک رێم پێبگرێ و داوای وەسیەتم لێ بکات، بەڵام رەنگە ئەوکاتیش بە دەعوەتی قاوەیەک یان خوێندنەوەی کتێبێک سەرقاڵی بکەم.

من ژیانمم خۆش ئەوێ، نازانم هێشتا بیرم لە وەسیەت نەکردۆتەوە، بەڵام کێ چوزانێ دوای ئەم پۆستە نەینوسم!

# مەستی عەشق

چاوتان داخەن و دڵتان بکەنەوە، دڵ دەبێ پڕ بێ لە ئاوازی ڕەنگاوڕەنگ، لە هەناسەی ڕەنگین، لە مەستبوونی قووڵ، تۆ ئەگەر هێشتا مەستی عەشق نەبووی، شتێ لە ژیان نەگەشتووی.

عەشق یانی ئەوەی درک بەوە بکەی جیهان لە ناختدایە، پڕ وزە و پڕ ئامانج، بیر بکەرەوە و وشەکانت نەرم نەرم بخرمێنە، دەنگە دەنگ هەم ماندووت دەکا و هەم ژینگە پیس دەکا، گوڵەکان بە باران ئەگەشێنەوە نەک بە هەورەگرمە.

عەشق پێکەنینێکی هەمیشەیە، زەردەخەنەیەکی شیرینە بەرووی ژیانا، بە رووی سەختییەکانا، عەشق کڵاوڕۆژنەیەکە بۆ ناو قوڵاییەکانی ژیان، تۆ تا مشتێ لە عەشق نەنۆشیتەوە، لە کوچە و کۆڵانەکانی هەنارستانی ژیان ناگەی، ئەمەی ئێستا خەریکین، ئەمەی شەو و ڕۆژی بۆ دەگوزەرێنین، ئەمەی شەڕی بۆ دەکەین و تەماحی تیا سەوز ئەکەین ڕواڵەتێکە، نەک خودی ژیان.

ڕێگای عاشقان دڕکی تیایە بەڵام ئەوە تۆی دەیکەیتە گوڵستان، لە قوڵاییەکانی مانایا بەدوای عەشقا بگەڕێن، لە ناخی دڕک و لە ناخی تەنافەکانی مەرگ و لە ناخی تیغەکانی مەراقا ورد ببینەوە، لەو دیوی ڕواڵەتەوە عەشقی باخەوانێک و عەشقی مەئمورێکی ناچارکراوی چاو پڕ فرمێسکی سێدارە و جەلادێکی ڕەشی ورگنی دڵ سپی دەدۆزیتەوە، کە ناچارییەک وایان لێدەکا قەرزێکی ژیانیان بە مەرگی ئەوانیتر بدەنەوە.

دڵ بە هەناسەدانەوە دڵ نیە، بە عەشقەوە دڵە، چی لە دڵێک دەکەی لێدانی فیتە بەڵام لە عەشقدا کلۆڵە، دڵتان بکەنەوە، سەراسیمە خەریکی ڕازاندنەوەی بوک و زاواکانی ناختان بن، هەوری لە مل، چەتفە لە کۆڵ، چۆخەڕانکێکی خورماوی بۆ ئەم ژیانە ڕەنگینە هەمیشە بەهارەتان بڕێسن.

گەڕان بە دوای عەشقی ناو قووڵاییەکان ڕێگات بۆ ڕەنگرێژ ئەکا، رق لە دڵتا وشک و نەفرەت لە مێشکتا بنبڕ و تەماح لە گیانتا بێ گیان و حەسادەت لە ڕۆحتا لە ڕەگەوە دەردەهێنێ.

ئەگەر هێشتا هەستدەکەی ڕقت لە کەسێکە، نەفرەت دێ بە زمانتا، ئەگەر هێشتا پێت وایە زۆرن ئەوانەی شیاوی

**مامەڵەیەکی باش و قسەیەکی باش نین، بگەڕێڕەوە، هەزاران ڕێگا هەن بتگەیەننەوە ماڵی ناخت، بگەڕێڕەوە ناخی خۆت و لە زەڵمەکەی ناختدا مشتێ ئاوی سارد بنۆشە و لە فێڵاوی ویژدانتا غوسڵێ بگرە و لە سەرچناری ڕوحتا مەستییەک بە ئێستات بسپێرە.**

**بە دوای ئازادیدا بگەڕێ، گەورەترین ئازادی ئەوەیە لەم جیهانەدا رقت لە کەس نەبێ، تۆ بۆچی خۆت یەخسیر کردووە، بۆچی زیندانت هەڵبژاردووە، بۆچی خۆت کۆت و بەند کردووە، سەیر کە ئاها دەروازەکە زۆر ئاسانە بۆ ئازادی، ئازادای هەڵبژێرە و عەشق هەڵبژێرە و ژیان هەڵبژێرە!**

**مەولانا دەفەرموێ:"تۆ دڵۆپیک نیت لە ئۆقیانوسێک، تۆ هەموو ئۆقیانوسەکەی لە دڵۆپێکدا!"**

# بیرکردنەوە بە مێشکی خۆم

جیاوازی مرۆڤەکانن بیرکردنەوەیانە، خودا مێشک و عەقڵی بۆیە بەخشیوە تا بیخەیتەکار و بیربکەیتەوە، زۆرن ئەوانەی مێشکیان لە پشوودایە و خەریکن بە بیرکردنەوەکانی ئەوانیتر ، کۆپی پەیستی بیرکردنەوەکانیتر دەکەن، خۆیان بیر ناکەنەوە و چیان بیست باوەڕی پێدەکەن، دەیگوازنەوە و دەماودەمی پێدەکەن، ئەمەش وایکردووە رۆژانە زۆرترین درۆ دەبیستین، زۆرترین بوختان و جاسوسی بڵاودەبنەوە، غاندی بەو وتە کاریگەرانەی شۆڕشی لە بیرکردنەوەکاندا دروست کرد و شۆڕشی بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی گەیاندە ئەنجام، ئاخر ئەو پێی وایە: " مرۆڤ بەرهەمی بیرکردنەوەکانییەتی، بیر لە چی بکاتەوە ئەوە دێتە ڕێی!" بیرکردنەوەی باشتر بۆ سبەینێی باشتر!

"هەرگیز ڕێگا نادەم هیچ کەس بە پێڵاوە پیسەکانییەوە بچێتە ناو مێشکمەوە!"



# کە جەژن نزیک ئەبێتەوە دڵ دەگیرێ!


دینداری، دڵسۆزی، دەوڵەتداری و حوکمڕانی لە کاتی قەیرانەکان و نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەکاندا دەردەکەون، ئێمە چیمان پێدەکرێ لەم ڕۆژانەی تاساوین و سەراسیمە واقمان وڕماوە لەوەی تێدەپەڕێ؟

چاوەکان فرمێسکیان تێزاوە لە ڕۆژانێکی سەخت، قوڕگ هەناسەی سوارە بە بینینی دڵتەنگییەکان، هەست بریندارە لەم ئازارەی نابڕێتەوە، لێرە کەس نابێتە وێنە، لێرە کەس ناچێتە ناو چوارچێوە، ژیان پڕ پڕە لە وێنەی سوتاو.

سەیری ویژدانی خۆتان بکەن، منداڵی برسی زۆرن، خێزانی کەمدەرامەت زۆرن، سفرەی سارد زۆرن، قەرزارەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن، نەخۆشەکان زۆرن و پارەی عیلاجێکیان نیە، خێزانی زۆر هەن ناتوانن جلی جەژن بۆ منداڵەکانیان بکڕن، ئەو باوکانە ببینن تفیان پێ قووت نادرێ کە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە ناو خێزانە برسییەکانیان، حەسرەتی ئەو دایکانە ببینن بە تەنیا کۆڵی قورسی ژیانیان لە کۆڵ ناوە!

**وا تابلۆیەک خێزانێکی رزگار کرد، خێرخوازێک خێزانێکی تێر کرد، بەرنامەیەک قەرزی خانەوادەیەکی ژمارد و مامۆستایەکی ئایینی قیستی قوتابییەکی دا!**

**ئەرێ ئەمە تاکەی؟ ئێمە تاکەی دەبێ هەر حەسرەتی نەبوونییەکان ببینین و ببیستین و بخوێنینەوە و بنوسین و بچێژین!**



# گەڕان بە دوای خۆمدا

مەولانا دەڵێ: دوێنێ کەسێکی زیرەک بووم دەمویست جیهان بگۆڕم، بەڵام ئەمڕۆ دانام خەریکم خۆم دەگۆڕم. بە دوای خۆتدا بگەڕێ، خەریکی ئاشتبوونەوە بە لەگەڵ خۆت، تۆ پێویستیترت نابێ، بەر لە هەر شتێک بزانە چیت لەم ژیانە دەوێ، ئامانجت چیە، تەمای چیت هەیە، زۆر شت هەیە تۆ دەتوانی بیکەیت و نەتکردووە، زۆر پڕۆژە هەیە دەتوانی بیگەیەنیتە ئەنجام و نەتگەیاندووە، ژیان ئەو میکانیزمانەی دەوێ کە لە مێشکی تۆ و بیرکردنەوەی تۆدا سەروخوار دەکەن، بیرکردنەوەی گەورە، هەم گەورەت دەکەن، هەم کاری گەورەت لێدەوەشێتەوە، خۆت سەرقاڵی ئەوانیتر مەکە، دەخالەتی ژیانی ئەوانیتر مەکە، مرۆڤە گەورەکان خەریکی گەورەکردنی خۆیانن نەک لەسەر حسابی بچوکرخوونەوەی ئەوانیتر، تۆ خۆت بگۆڕە، ژیان دەگۆڕێ و جیهان دەگۆڕێ.

لەگەڵ خۆمم بوو، لەگەڵ تۆ .. لەگەڵ تۆم بوو، لەگەڵ خۆم

سەرلەناخی خۆم دەرناکەم ... لەگەڵ تۆمە یان لەگەڵ خۆم

# میدیاکار

ساڵی ٢٠٠٦ لەگەڵ ئەوەی قوتابی زانکۆ بووم لە کەلار، وەک پەیامنێر کارم بۆ دەزگایەکی میدیایی دەکرد، راپۆرتێکم دابەزاند "تۆپخانەکەی باوەنوور دەکرێتە نەخۆشخانە"، هەندێک لە هاوڕێیان و دۆستان گلەییان لێ کردم کە "تۆ دەتەوێ رووی جوانی نیشان بدەیت"، ئەوساش و ئێستاش بڕوام وایە میدیا بەرپرسیاریەتییە و ڕۆژنامەنوس و میدیاکار بەرپرسیارن بەرامبەر بەوەی چی پێشکەشی کۆمەڵگە دەکەن، گواستنەوەی هەواڵی ئەرێنی نە نەنگییەو نە عەیبە و نە بێ شەهامەتییە، ڕۆژنامەنوسی ئازا ئەوەیە لە ناو هەواڵە ناخۆش و گێژاوە سیاسییەکاندا چرۆی سەوز ئەگەشێنێتەوە و گۆپیتەی نوێ ئەدرەوشێنێتەوە!

بەڵێ میدیا بەرپرسیارییەتییە، کاریگەرتر لە سیاسەت!



# نازم عەبدوڵا!

هاوڵاتیەکی کەمدەرامەت، کە ڕۆژانە بە پاڵنان بە عەرەبانەکەیەوە قووتی ژیانی پەیدا دەکات، کاتێ هەمووان لەماڵەوە بووین و پشوومان دەدا و پابەندبوونی خۆمان بە ڕێککارەکانی خۆپارێزی و کەرەنتین ڕاگەیاندبو، ئەو لەسەر عەرەبانەکەی دانیشت و خەمی بۆ نەبوونیەکانی هەڵڕشت، هونەرمەندی کورد "محەمەد ئیسماعیل" تابلۆیەکی ناوازەی لە وێنەیەکی نازم کێشایەوە وئەمڕۆ لە زیاکردنێکی ئاشکرادا بە ٦٥٠٠ دۆلار فرۆشرا و بڕی پارەکەش بە نەقدی پێشکەشی نازم کرا.

ئەم هەنگاوانە دڵخۆشین و جێگای ستایشن.

# حزبایەتی لێڵ

حزبەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرپرسیارییەتی "روون" بەرامبەر خەڵک بدزنەوە، دێن شتی "ناروون" دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بە ناڕوونی هەوڵی رازیکردنی خەڵک و ڕای گشتی بدەن، یانی ئیعتیراف دەکەن کە لە فۆڕمی روونی و ڕاشکاوی دا لای خەڵک پەسەند نین، بۆیەش دەزگای هاوکاری و بازرگانی و توێژینەوە و خزمەتگوزاری و تەنانەت ڕاپرسیش بە شێوەیەک دادەنێنەوە کە هەر لە چوارچێوەی ناروونی دا بچێتە ناو خەڵکەوە، جا ئەمە ڕاکردنە لە بەرپرسیارییەتی، باشترین حزبەکان بۆ خەڵک ئەوانەن کە ڕوون و ڕاشکاو بن، ئەمە مانای دروستی جێبەجێکردنی دیموکراسییە نەک لە سێبەرەوە خزمەت بکەیت و بەرگری بکەیت و هێرشیش بکەیت، چونکە دواجار هەر بەناڕوونی دەمێنێتەوە و دەچێتە گیرفانی نابەرپرسیارەکانەوە!



# شەوی قەدر

**"فیـها یُفْرَقُ کُلُّ أَمْرٍ حَکیمٍ"**

**پێوانەکردن و ئەندازەکردن، کەوتنە بەر قەدەر، بریاردانی شتێک بە ژمارەیەکی تایبەت و شکڵ و شێوەی تایبەت، هەروەها بە مانای هەموارکردن، بە بڕێکی پێویست دیاریکردن، تەقدیر و تەدبیری کاروباری مرۆڤ و زیندەوەرانیتر، حوکم و دادوەری بە تێگەشتنی بڕی دیاریکراوی بەرژەوەندی و و دادوەری دانایانە و عادیلانە، کەواتە "شەوی قەدر" یانی شەوی دیاریکردنی چارەنوسی مرۆڤەکان و بەرنامەدانان، خوای گەورە ئەوەی کە لە ماوەی ساڵی داهاتوودا روودەدات، وەک؛ ژیان و مردن، خێر و شەڕ، ملکەچی و سەرلێشێواوی، خۆشبەختی و بەدبەختی، رزق و رۆزی ... ئەمەیە تێگەشتن لە ئایەتی چوارەمی سورەتی دخان، دەربارەی شەوی پیرۆزی قەدر!**

# تولەڕێی باشتر

تولەڕێیتر هەن پێی گەورە بی، قاچاخەڕێیتر هەن پێی دەوڵەمەند بی، لارەرێیتریش هەن پێی بەناوبانگ بی .. بەڵام ئەوەی رووسورت دەکا ڕێگا دروستە و تەندروستەکەیە، ژیان یەک و دوو ڕۆژێکە خۆت شەرمەزاری خوا و خەڵک مەکە!

تۆ ڕۆژانە هەر خەریکی بیر دەکەیتەوە، ئەی بۆچی بیرکردنەوەکانت گەورە نەبن؟ پێوانەکان جیاوازن وەک چۆن ڕێگاکان جیاوازن، کەواتە لەسەر پێوانە و کوالیێتی هەنگاوەکانت هەڵگرە نەک بە پێی دەستکەوتە تایبەتییەکانت، جاران زیرەکی و لێهاتووی هێزی بازوو بوو بەڵام ئێستا -مامەڵەی دروست و هاوڕێیەتی باش-ن بۆ گەشتنە ئامانجەکان، تا دەتوانن بیربکەنەوە تەنها بۆ ئەوەی باشترین شێوازی مامەڵە لە گەڵ دەوروبەر بدۆزنەوە، ئەمە نهێنی سەرکەوتنە!

# سەفەرێکی جیاواز

سەفەرێکی تەواو جیاوازە، جیاوازیو ناوازەییەکانیش ئەوانە زیاتر هەستیان پێکردووە، کۆڵانەکانی مەککەیان پێواوە، شاخەڕەشەکانیان بینیوە، لەشکۆو گەورەییو تاجداری ماڵەکەی خوا نزیکبوونەتەوە، دڵیان پڕ بووە، قوڵپی گریان هاتووە بەچاویاندا، خۆیان بە پەردە ڕەشەکەوە گرتۆتەوە، ماچی تەویڵی بەردە ڕەشەکەیان کردووە، تۆی ئیماندار تا نەچیتە حەرەم خۆت ناناسی، تۆ تا لەنوری خوا نزیکتر نەکەویتەوە لەخۆناسین پێش خواناسین تێناگەیت، ئەم گەشتە سەفەرێکی دەروونیە بۆ خولێکی ڕۆحی، ئیتر باوەڕت هەرچەن بێت تۆ "ئارامییەکی سەیر"ت بۆ دێ، دڵت فراوانتر دەکرێتەوە، نۆشینی پەرداخێك ئاوی زمزم، ئیحرامو خولێکی تەوافی پیرۆز، دوورکات نوێژی حەرەم، خولێکی سەفاو مەروە، و دەست هەڵبڕین بۆ داواکاری قوتاری ئەو ئازارانەی لەدڵتان، نزا بۆ دایكو باوكو خۆشەویستان تا زیاتر بن زیاتر ئارامشت پێدەبەخشن.

برۆرە مەدینە، لە مزگەوتی نەبی چاوت داخە و گوێ بگرەوە بۆ دوور، چاوت داخە و گوێ لە وتارێکی پەیامبەرەکەی خوا بگرە، بیر لە نورو بەرەکەتی ژیان بکەرەوە، چاو هەڵبڕە و دەستنوێژێ بشۆ و لە ڕێرەوی ڕەوزە خۆت ببینەرەوە، ڕێڕەوی عاریفان دڵت دادەخورپێنی، فرمێسکی چاوی گەنج و پیرەکان، گریانی بە کوڵ، رۆحێکی تەزیو بە مانا، دەموچاوێکی تینووی نوور، لەو حەشاماتەوە تێپەڕە، رەوزە لە چاوەکانتەوە نور ئەگرێ و ژیان رەنگ ئەگرێ و ئیمان هێز ئەگرێ، جارێک و دوان و سیان تۆ خەریکی لە رەوزە نزیک دەبیتەوە و هەموو ئەوانەی وەک تۆن، خەریکن هەنگاو رەنگڕێژی ئەم هەموو سەرتاپاییە ئەکەن، تۆ کە ئەم سەفەرە بووەتە بەشت، هەستێکی ڕەنگین دەبینی ئەوانیتر نایبینن!

# ئا کەلە بەرزە

ئەم چەند ڕۆژە ئەم گۆرانییە گرتوومی، وەک تایەکی گەرم، زوو زوو فێنکم ئەکەنەوە و هێشتاش بەرزە، ئەم گۆرانییە گرتوومی وەک زیندانییەک ماوەیەکی زۆرە ناڵەم لێوە دێ، ئەم گۆرانییە گرتومی وەک بڵێی توند هردوو قۆڵی پێکناوەتە گیانمەوە، ئەم گۆرانییە گرتوومی وەک هەناسەتوندییەکی پاش شەکەتی، ئەم گورانییە گرتوومی، هەناسەم سوارە، دەڵێی خەریکن بینم دەگوشن، ئەم گورانییە گرتومی هەر خەریکم بە بەرخۆمەوە دەیڵێمەوە! تۆ سەیری ئەو قەڵافەتە، سەیری ئەو ئاوازەی لەو بینەوە دەرئەچێ، سەیری ئەو لەترانەی لە دەنگەژێی بەرگوێ ئەکەون، دەی ئەمانەن منیان گرتووە، دیمەنێکی ناوازە و شاخ و دۆڵ و چەم و سروشتی هەمیشە سازی هەورامان، نەرمەبایەکی ئەو عاسمانە تێکەڵ بە حەوای خۆشییەکانی ئێمە دەکات، ئاها ماوەیەکە نەچووینەتە هەواخوری، ئەم گۆرانییە بەڕاستی دڵ دەکاتەوە. ئەمە دەنگی ئارمان سەلیمی خەڵکی گوندی شوشمێی هەورامانی خۆمانە لە ڕۆژهەڵات .. پێشکەشتان بێ!

# وەرگرتنی وشە

به پشت بەستن بە ڕێسای وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ ناو زمانی کوردی:

١. هەر وەشەیەک بیانی وەرگیرا، پێویستە بەو شێوەیە گۆ بکرێ کە لە زمانی خۆماندا ئاسان و لەسەزمانە، ئەوەش بڕیاری دروستی ئەو وشەیە دەدات نەک بە شێوازی خۆی گۆی بکەین، سەیری ئەم چەند وشەیا بکەن: تیلێڤیژن ئینگلیزییە (تەلەفزیۆن کوردییە)، فیلْم ئیگلیزییە (فلیم کوردییە) ، کۆورەنتین ئینگلیزیە (کەرەنتین کوردییە)، کەمپیورە ئینگلیزییە (کۆمپیوتەر کوردییە)، کامپەین ئینگلیزییە (کەمپین کوردییە)... تاد.

٢. پێویست ناکات زۆر بە دوای سەرچاوەی وشەی بێگانەوە بین، ریشەناسی و واژەناسی جیاوازە لە بەدواداچوون کە ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا هی کام زمانەو چۆن هاتووە؟ چونکە زمان بۆ پەیوندییە و گواستنەوەشی زۆر خێرایە و بە دڵنایيەوە دەڵێم هیچ قورساییەکی نیە ئەو وشەیە لە بنەڕەتدا لە کام زمانەوە هاتووە (ئەوەی گرنگە

ناسینی وشەکەیە و لێکدانەوەی بەشەکانی وشەکە و ماناکەیەتی)

٢. بۆ ئەوەی توشی هەڵەی زەق نەبین، چونکە راستە تەکنەلۆجیا وشە تازەکان دەداتە پاڵ زمانە زەبەلاحەکانی وەک ئینگلیزی، بەڵام بە چ پێوەرێک وشەکانیتریش هەر دەبێ سەرچاوەیان ئینگلیزی بێت، سەیری ئەم دوو نمونەیە بکەن: با وایدابنێین وشەی (پاسکیل) لە وشەی (بایسکڵ)ی ئینگلیزییەوە هاتبێت، وشەی (سەلاجە) لە وشەی (ثلاجە)ی عەرەبییەوە هاتبێت ... تاد، ئەی بە چ پێوەرێک دیسان بێین بڵێین وشەی (گاو)/مانگا)ی کوردیش هەر لە وشەی (کاو)ی ئینگلیزییەوە هاتووە یان وشەی (تەوەن/بەرد)ی کوردیش هەر لە وشەی (ستەون)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە یان وشەی (کت/پشیلە)ی کوردی هەر لە وشەی (کات)ی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە!

٣. بۆیەش پێم وایە هەر وشەیەک لە هەر زمانێکیترەوە هاتە ناو زمانی کوردی و گۆکردنی زمانی کوردی وەرگرت ئەوا ئەو وشەیە دەبێتە وشەیەکی زمانی کوردی و پێویست ناکات بیبەستینەوە بە زمانە بیانیەکەوە.

# دەسماڵێکی نەرم

لە قوڵایی ئازارەکانەوە دێم، لە کۆڵانەکانی مەینەت و لە شەکەتییەکانی عەسرێکی درەنگی هیلاکی، لەوسەری میحنەتەوە دەبمە دەسماڵێکی گیرفانی کرێکارێکی دەستقڵێشاو و تەوێڵی پڕ عارەقەی رۆحە ماندووەکانی ئێرە دەسڕم، لەو دەرمانخانەیەوە ڕێم بڕیوە تا خوا حەزکا مەرهەم بۆ پینەکانی دەست و تا دڵ پێویستی بێ دەرمانی ئاسودەی بۆ خەفەتێکی قووڵ و بۆ حوزنێکی پیر ئەگرمەوە، دەستنوێژێ بۆ سەر بەرماڵی ئاسودەیی گیانەکان و بۆ سەر سکونەتێکی پڕنازی دوایین فرمێسکی هەژاری، ئەو دەستانە ماچ دەکەم بە ئاسمانەوەن بۆ نزایەکی خێری تێرکردنی گەدەیەکی برسی، لەو دەستانە ورد دەبمەوە بوونەتە چەتری چاوەکانی چاوەڕوانی بۆ ئێوارەکانی گەڕانەوەی پێخورێکی تێر، من لە ئاسۆیەکی نوێوە ڕێگای دڵەکان ئەگرمە بەر و تەقە لە دەرگای دڵەکان دەدەم و تۆشەبەرەی سکونەت لە ماڵ بە ماڵی کۆڵانەکانی شار پڕ دەکەم، گەڕکێ خوارتر، ماڵێکی ساردی پێ ئاسودە و ماڵێکی برسی پێ تێر و ماڵێکی ناسازی پێ ساز و

**خێزانێکی شێواوی پێ ڕێک دەخەمەوە، هاتووم گیرفانێک گەرم کەمەوە کرێ خانووی چەند مانگێکی قەرزکردووە و شەرم لە کۆتایی مانگەکان دەکات ... هاتووم دڵنەوایی بدەمە بێناوایان و خەوێکی ئارامیش بە بێدارانی شەوە ماندووەکان ببەخشم!**

**ئاوا وەرەوە بۆ ژیان .. ئەی ماندووی دەستەکانی ڕۆژگار!**

# بۆنی تۆ

دەڵێن هەموو کەسێک بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیە، من بۆنم ئیش ناکات و بە بۆن هیچ شتێ جیا ناکەمەوە چ جای بکاتە کەسەکان، بەڵام دەزانم کە هەموو کەس ڕەنگی خۆی هەیە، ئەم ڕەنگە هی ئەوە نیە تێکەڵ بێت، لە ناو دەیان ڕەنگا دەیدۆزیتەوە، تێکەڵ نابێ، کاڵ نابێتەوە، ژەنگ نایگرێ، پەڵەی پێوە نانوسێ و شوختی تێ ناکەوێ، بۆیەش هەموو ئەوانەی دەیانناسین بە ڕەنگی جیاواز و ناوازەی بیرکردنەوەدا دەیانناسینەوە، ئەم ڕەنگە کۆپی ناکرێ، هەر کەسە و بیرکردنەوەی خۆی هەبوو ئەوە ڕەنگی خۆی دەبێت!

هەمیشە سەربەرز بن ڕەنگینەکان!

# دیسان خەم

ئەی تۆ، لە خەمی خەڵکی، بێ خەمی
چۆن ئەبێ، پێت بڵێن، بەنی ئادەمیی؟

تو که از محنت دیگران بی غمی
نشاید که نامت نهند آدمی

سعدی شیرازی

# ئەگەر باوکم هەبوایە!

- دەمزانی کە بەیانیان خۆر لە باوکم درەنگتر لەخەو هەڵدەستێ و ئێواران زووتر دەگەڕێتەوە ماڵەوە!

- هاوکێشەکانمان پێکەوە حەل دەکرد، وەڵامی پرسیارەکانی دەدامەوە، دەمزانی مانگ بۆ بە ئاسمانەوەیە و خۆر چەند گەرمە لێمانەوە، دەمزانی چۆن پارچەی وێنەکە بدەینەوە دەم یەک و وەڵامی مەتەڵەکانیشم زووتر ئەزانی.

- ژیانم ڕەنگاوڕەنگتر و خەیاڵم سەوزتر و تەمەنم درێژتر بوو، وەک بڵێی پیتەکان زووتر فێر دەبووم، وشەکانم باشتر لەبەر دەکرد، رستەکانم جوانتر لەیەک نزیک دەکردەوە، ئەوە نەبوو توانیم کتێبەکەی ژیان باشتر و خێراتر بنوسمەوە!

- هەڵەکانم، قسەزلەکانم، سەرئێشەکانم، چەوتییەکانم، پێشنیارەکانم، رەخنەکانم، پرسیارە زۆرکانیشم باشتر وەڵامیان ئەدرایەوە، ناوچاوێکی گرژ لە گەڵ هەر پرسیارێک و بۆڵەبۆڵێکمدا قنج نەدەبوویەوە.

- شانێکم هەبوو سەری بخەمەسەر، تەزبیحێکی درێژی قەزوانی لە ماڵمانا جوڵەی نەدەبڕا، ماڵی ئێمە پێنج فەرزە سەلا و جەماعەتی تیابوو.

- کتێب و دەفتەرەکانم بەرگیان پێوەبوو، زوو چەترێکم ئەشکاند تا دانەیەکی نوێم بۆ بکڕێ، زوو زوو تۆپەکەم ئەتەقاند تا دەستم بگرێ و دانەیەکی نوێ پیکەوە بکڕین، یارییەکانم تێک ئەدا و خۆم ئەکرد بەفیتەر بە سەریانەوە تا قسەخۆشەکانی زیاتر ببیستم، ئەو ئەوەندە هاوکاری دایکمی دەکرد، نەیدەهێشت دایکم ئاوا پیر بێ، نەیدەهێشت زوو گۆچانەکە بگرێ بە دەستییەوە.

- پێویست نەبوو عەینەکم لە چاوبێ و چاوم ئاوا کز بێ، نەیدەهێشت ئاوا قەڵەو بم، نەیدەهێشت خەم بخۆم، نەیدەهێشت غەریبی ببینم، نەیدەهێشت ئاوارەیی بچێژم، رازی نەدەبوو ژیانم بێسەروبەری تێبکەوێ.

-باوکم نەیدەهێشت سیاسەت رەنگم بگۆڕێ، نەیدەهێشت ئاوا پیر بدەمە چاوەوە، نەیدەهێشت و نەیدەهێشت و نەیدەهێشت.

- هیچ وێنەیەکی تەنیای دایکم نەدەدۆزییەوە، ئاخر ئیتر وێنەی پێکەوەییان هەبوو، نەیدەهێشت ئێمەش وێنەی تەنیا بگرین.

-کە هەمبوو، جەژنان زیاتر کۆ دەبووینەوە، زیاتر سەردانی خزمانمان دەکرد، خزمایەتی بەهێزتر و هاموشۆمان زیاتر و بەدەمەوەبوون و دەستەوام و هاتن و رۆشتنمان زیاتر دەبوو.

- ژیانم ئارامتر وەک خەوێکی قووڵ، شیرین وەک رۆژێکی جوان، خەونم زۆر وەک منداڵێکی بەناز، ژیانم جوان بوو وەک خونچەیەکی کراوە، ژیان هەموو کاتژمێرەکان بوو، چرکەچرکی میلی کاتژمێرەکان، ژیان وەک رازی دڵی دایکم و وەک پینەیەکی دەستی باوکم، ئێمە بە منداڵی خوێندمان باوک پشتوپەنایە. بێ ئەوەی بزانین بە چ سەختی و ناڕاحەتییەک ئاوا بووەتە پشتوپەنامان.

- لەسەر سفرەکەی ئێمە شتێ زیاتر نەبوو، تەنها باوکم و پارچەیەکی سەهۆڵی ناو سوراحییەکە، کە هەردووکیان پێکەوە توانەوە.

- دەمزانی باوکم وەک قەڵەمێکی جاف، بەردەوام دەنوسێت و شێوەی دەگۆڕێت تا ئەوکاتەی دەوەستێ، دایکیشم وەک قەڵەم رەساس هەر خەریکین دەیخەینە قەڵەمدانەکەی ژیانەوە و تازەی دەکەینەوە.

- مامۆستا پرسیاری بکردایە بە وشەی "باوک" رستە دروست بکە، دەموت ببورە مامۆستا من دەمێکە بە "باوک"م ژیانم دروست کردووە.

- ئیتر لە قادرمەکاندا بە تەنها سەرنەدەکەوتم، دەمخستە پێشی خۆمەوە تا ئاسانتر پلەکان ببڕم، دەمزانی هەنگاوەکانی زۆر بە قورسی هەڵدەگرێت، دەمزانی پیربوونی چۆنە، دەمزانی کاتێ ریشی چاک دەکا چۆن دەستی دەلەرزێ، دەمزانی کاتێ نان دەخوا چ زەحمەت پارووەکەی قووت ئەدا، دەمزانی دەبێ لە سەلاجەکەدا دەرمانمان هەبێ، دەمزانی سەرو ریشی چۆن سپی دەبێ، زوو زوو لێی ورد ئەبوومەوە و تاڵە سپییە تازەکانم دەژمارد.

# ئیمان

-  هێزە بۆ بەرەنگاری و بەرخودان، بۆ بەدەستهێنانی نەفسبەرزی، بۆ سەرکەوتنی یەکلەدوایەک، بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلان و نەفرەتکارییەکان، بۆ سەرفرازی ژیان، بۆ ئەوەی مرۆڤی ئیماندار ترس لە گیانیا چەکەرە نەکات، نە لە نان بترسێ لە ژیان، هێزە بۆ بەردەوامی و ئیستیقامە و کۆڵنەدان.

- باوەڕە بۆ بەدەستهێنانی ئارامی، بۆ رزگاری لە دوودڵی و ڕاڕایی و واتەوات، بۆ خۆپارێزی لەو درۆ و بوختانانەی دەرژێنە کاسەکانەوە، بۆ ئارامگری بەرامبەر بەڵا و ناخۆشی و نەخۆشی، بۆ بڵاوکردنەوەی گەشبینی و هیواداری، بۆ پێکەنین و دڵخۆشی زیاتر.

ئیماندار کە هەم هیزی هەیە و هەم باوەڕ، یەقینی دەست دەکەوێ، ئەم یەقینە هەم سکونەت ئەدا بە مرۆڤ هەم عیززەت، سکونەتی ئەوەیە ئیتر دڵەڕاوکێی لە هیچ لەبلەبانییەکی بۆ دروست نابێت، عیزەتیشی ئەوەیە کە

**خۆی بە شاهەنشای جیهان ناگۆڕێتەوە، ئاخر مالیکی ئەرز و ئاسمان بە پشتیوانی خۆی ئەزانێ!**

# رابیعە

کەم مەجلیسی ئەهلی زیکر و عیرفان هەیە ناوی عابیدێکی تیانەهێنرێت کە وتە کاریگەرەکانی مایەی سەرسامین، ژیانی مەست مەستی عەشقێکی باڵابەرز وخەیاڵی لە ئاسمانە و رۆحی تەجەلای نزایەکی خێر، کەسێک کە تێر تێر لە خواپەرەستی دەگەشت و هەمیشە یەکەمی تاقیکردنەوی خواناسی بوو.

رابیعەی عەدەوی قەیسی، کچی ئیسماعیلی عەدەوی (٧١٧ -٨٠١ زایینی) ژیاوە ، بە (ام الخیر) ناسراوە و لە شاری بەسرە لە خوارووی عێراق لە دایکبووە، بەهۆی ئەوەی کە منداڵی چوارەمی خێزانەکەی بووە ناویان ناوە (رابیعە)، بە پێشەوای (عیشقی ئیلاهی) دادەنرێت لە ناو مەزهەبی تەسەوفدا، هەروەک لە خۆشەویستی ئیلاهیدا چەندین هۆنراوەی نوسیوە و وەک شاعیریش ناوی هێنراوە.

رابیعەی عەدەوی لە ئاستی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، و سۆفیانی سەوری و حەسەنی بەصری و مالیکی کوڕی دینار بە ناوادارەکانی سەردەم ناسراون، خاوەنی چەندین وتەی بە نرخ و گەوهەرییە کە یەکێک لەوانە ئەوەی کە لە نزاکانیدا دەڵێت: "خودایە گیان ... من لە ترسی دۆزەخ تۆ ناپەرستم، بۆ خۆشی بەهەشتیش پەرستشی تۆ ناکەم، بەڵکوو تەنها لە بەرئەوە تۆ دەپرستم چونکە خۆشم دەوێیت!"

دەگێرنەوە جارێکیان سۆفیان لێی پرسیوە، ئایا چی شتێک لە هەموو شتێ زیاتر بەندە لە خوای گەورە نزیک دەخاتەوە، رابیعەش لە وەڵامدا وتی: "ئەوەی کە بەندەی بزانێت هیچ کەسێکی لە دونیای ئاخیرەتدا ئەوەندەی خوای گەورە خۆش ناوێت!"

خۆشەویستی ئیلاهی لای رابیعە پایەیەکی باڵای هەیە و هەموو پەرستشەکان لە خۆشەویستی خواییدا دەبینێتەوە و پێی وایە بنەمای بەندایەتی خۆشەویستی ئیلاهییە.

# منداڵیم

* هەر جارەی کۆلارەیەکم بە سەرکەوتوویی هەڵفڕاندبێ، خۆم بەسەر پشتییەوە بە بێ پاسپۆرت هەموو جیهان گەڕاوم، بێ ئەوەی کەس ڕامبگرێ!

* گەڵایەکی زەردی کەوتووم هەڵدەگرتەوە و واقم وڕ دەما بە دیارییەوە، کەسانێکیش لەتیان دەکرد و دانیان پێ پاک دەکردەوەو بڕێکیتریش دەیانخستە دووتوێی ئەو کتێبەی دەیانخوێندەوە!

* شەوانی هاوین، دەچوومە حەوشەکەوە و سەری تەپەدۆرەکەم بەرز دەکردەوە و تێر سەیری جوانی مانگم دەکرد، جار جاریش تەپەدۆرەکەم دەجوڵاند و لەگەڵ سەمای مانگ، جامۆڵەیێ ئاوم لە کەناراوی دڵییەوە هەڵدەگرت و دەمخواردەوە!

* دەچووینە سەر کانی، تا دڵ حەزکا بە دیار جریوەی چۆلەکەیەک و کەشوفشی پەپولەیەکەوە چڵێکی ناسکی

بناوچم لێ دەکردەوە و لەگەڵ بەردە ساف و خاوێنەکانی ناو کانییەکە یاریم پێدەکردن!

* پێم وابوو هەموو کەسێک عاشقە، ئەوە نیە پێی دەڵێن مرۆڤ!

* وامدەزانی هەرچی لەسەر سفرەکەمانە خۆشترین خواردنی جیهانە، ئاخر دایک دەیگوت ڕۆڵە کە هەستای بڵێ: "خوا نەیبڕێ!".

* کە دەپژمیم، دەمزانی بورکانێ لەجیهانا ئەتەقێتەوە و شەڕێکی نەخوازراو سەرزەوی دەتەنێ، ئاها کە ئێمە پارێزراو بووین، دەمانوت: "خوایە شوکر بۆ تۆ!".

* خۆشترین ساتەکانمان فڕکان فڕکانی بەینی پایەکانی مزگەوت و شەڕەئاوی کاتی دەستنوێژ بوون، واماندەزانی جیهان لەم پێکەنینانەی ئێمەوە ئەدرەوشێتەوە!

* لە تەباشیرێکی ڕەنگاوڕەنگی تەنیشت تەختە ڕەشەکەوە، جوانترین پەلکەزێڕینەی هەوای دوای بارانمان دەناسییەوە!

منداڵیم ئاوا دێتەوە یاد!

# کۆچی دووری

شنەبای
ئەم سرودەیەم پێ هەڵمەنێ
شەوچڕاغی
ئەم عیشقەیەم پێ هەڵمەکە
ئاودێری
گوڵانی گوڵستانیشم پێ مەکە
نەبادا ڕێیەک تەی بکرێ،
نەبادا خەمێ بسرەوێ،
بەهای ئەم ساتەم پێ ماوە،
هاودەم ...
بە دوای ناوێکا وێڵم لە ڕۆژ ئەچێ و

هەڵیش نایە

لە مانگ ئەچێ و

ئاوا نابێ

لە دەلاقەی هەمانێکا بۆی ئەگەڕێم

نایدۆزمەوە

ناوی بنێم خۆشەویستی

کە وەنەوزی خەوێکم دا

تۆ ئەبینم

کە پارشێوێک وێڵ بۆت گەڕام

خەمت ئەخۆم

زویر مەبە

چی لەحزەیێ جوانترە لە دیدار

چ شۆڕشێ فراوانترە لە شەو

تا ناوی ژینت لێ بنێم

تا بتکەمە هاوڕێی کۆچم... کۆچی دووری

# دزی

"دوو دز دەچنە ماڵێکەوە، زێڕ و پارەی باش کۆدەکەنەوە، کاتێک لە ماڵەکە دەچنە دەرەوە قورئانێک دەبینن لەسەر مێزی نزیک دەرگای چوونە ژوورەوە، یەکێکیان دەگەڕێتەوە و هەموو شتەکان دەخاتەوە جێگای خۆی، کە ئەویتر پرسیاری لێ دەکات، بۆ وا دەکەی، دەڵێ ئێمە هاتووین بۆ دزی کەلوپەل، بەڵام خاوەن ماڵەکە پێی وایە ئەو قورئانە ماڵەکەی دەپارێزێ، ئێمە نابێ ئیمانەکەشی بدزین!"

ئێستا بەشەر هەیە، بەناوی ئیسلامەوە رێکخراو دروست ئەکا بێ ئەوەی بزانێ ئیسلام لەبەرچاوی خەڵک دەخا، بە ناوی کاری خۆبەخشییەوە، کومەڵگەی مەدەنی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە ناوی پڕۆژەی نیشتیمانییەوە سیاسەت و حزبایەتی دەکاتە کەسابەت و بەرژەوەندی، جا ئەمە نەک هەر بێهیوایی بڵاودەکاتەوە، ئەو متمانەیەی خەڵکیش بە پڕۆژەی نیشتمانی و چالاکی دەرەوەی دەستەڵات هەیانە لە ناو دەبات و سنعاتەکەش ڕەزیل دەکات، جا عاقیبەتی ئەم هەڵتۆقاوە سیاسیانە "تاپوول"ی زیاتر نیە!

# ساختەچی

ئەکاونتێکی ساختە و پەیجێکی ساختە بە ناوی کەسێکترەو دروست دەکات و چی پێخۆشە بەناوی ئەوەوە بڵاویدەکاتەوە، سەرنج بەن ڕۆژانە دەیان قسە بە ناوی مەولانای ڕۆمیەوە پۆست ئەکەن، مەولانا بە خەویش نەیدیوە، هەر کەس هەڵدەستێ تەلاقێک بە ناوی بارام بەگەوە پۆست ئەکا، لە خەیاڵی هەموو هەورامانیشدا نەبووە نەک بەگ.

د. محمدی خانی لە سیمینارێکدا گێڕایەوە: "بۆ نوێژی جومعە چوومە مزگەوتێک لە یەکێک لە ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، وتی لە ناوەڕاستی وتارەکەیدا مامۆستای وتاربێژ قسەیەکی گێڕایەوە و وتی: د. محمدی خانی وا دەڵێت"، جا وتی بەخوا قەت قسەی وام نەکردووە و ئەو قسەیەش هی من نەبووا!"

قسەی ڕاست دڵ دەگرێ و قسەی ناڕاست گیان دەکێشێ!

# سفرەی رەمەزانی

سفرەی ڕەمەزان، هەرشتێکی لەسەر بێ خێرو بەرەکەتە، ئەوە نیە خێزانەکان کۆدەکاتەوە، لە بێ بەرنامەیی و ژەمەنویەردەیی نەجاتما ئەدا، بەناوی خوا دست بە خواردن دەکەین، چاوەڕوانی دەکێشین، ئەوەش نیە چاو دەبڕینە چاوی یەکتر و خۆشەویستیمان ئەپڕژێنینە یەکتر، سەرنج بدەن منداڵەکانیش کە گەورەکان لە دەوری خۆیان دەبینن حەزی خواردنیان زیاترە و دڵخۆشیان زیاتر و پێگەی خۆیان لا شیرینترە. لە ئیفتار و پارشێوی رەمەزان چێژ ببینن، بیریشتان نەچێ زۆرن سفرە ساردەکان، زۆرن ئەو سفرانەی منداڵێکیان لەسەر نیە، زۆر زیاترن ئەوانەی گەورەیەکیان جێگای هێشتا خاڵییە، زۆر جار قاپێک و کەوچکێکێ خاڵی لە سەر جێگاکەی بەرچاو دەکەون، بەخششی ئەم ڕۆژانە زوو تیدەپەڕێ.

بەرەکەت ببارێتە ئەو سفرەیەی، پێش دەستپێکردنی چەند سفرەیەکیتری لێ بۆتەوە!

# ئەلویداع

ساڵی ١٩٩٩ یە و ماڵمان لە خورماڵە، گەڕەکی زەڵمییەکانی موجەمەع، تەلەفزیۆنێکی رەش و سپی زەبەلاحمان هەیە، تەلەفزیۆن ئەمان تەلەفزیۆن، دۆڵابێک، کەنتوورێک، کورە وەڵا؟عەجایبێک بوو هەر مەپرسن، م. عرفان لە تاران هێناویەتی، جا لەو کەنتۆرانە بوو، مێزەکەش بە خۆیەوە بوو، دیاربوو گواستنەوەی زۆر قورس بووە، بۆیەش مێزەکەی بە مشار بڕیبوویەوە و تەلەفزیۆنەکەی هێنابوو، وەزنێکی سەنگین کە بە دوو کەس بەرز دەکرایەوە، بەڵام شاشە گەورەییەکەی و سەحبە بەهێزەکەی وایکردبوو زۆر ناقۆڵا و خۆشەویست بوو، لە هەیوانەکەدا لە نزیک جامخانە نایلۆنەکەوە لەسەر دوو بلۆک دامانابوو، دایکم پەردەیەکی پیا دابوو، زۆر جار پەرداخێ ریحانەی تەڕیشی بەسەرەوە بوو، هەیوانەکە بۆنی ڕەشە ریحانەی گرتبوو.

خورماڵ ئەو ساڵە تازە کارەبای مۆلیدەی بۆ هاتبوو، وەرشەو و پارشێومان، رەمەزان و رۆژووگرتنمان هەر لەگەڵ ئەم تەلەفزیۆنە بوو، ئیفتاری رۆژی یەکەمی ئەو

ڕەمەزانە دایکم تشاوی لێنابوو، "دایکە گیان ئیتر بۆ ئەمساڵ بەسمانە"، تشاو شلەی هێلکەی کوڵاو و ترشی هەنار و سماقە، چێژبەخشە، بەڵام بە خواردنی نەخۆش دەچێ، ئەو ڕەمەزانە گۆرانییەکەی عیماد رامی بۆ بەخێرهێنان و ئەم گورانییەی مەروان حەمەخورشید بۆ ماڵئاوایی لە رەمەزان، تێکەڵی رۆح دەبوون، لە سەر حەوزەکەی حەوشەکە نزیک بە چیمەنە دەستنوێژمان دەشوشت و گوێم لێ دەگرت، نزیکی بانگیش دەچوینە مزگەوتی نەورەسی ئێستا و ئەوساش سێ چوار ناویتری هەبوو.

زۆربەی نوێژەکانی بەیانی کە لە ماڵ دەردەچووین خاڵۆ نەریمانی رەحمەتی لە ماڵ دەهاتە دەرەوە و تا مزگەوت هاوڕێی دەبووین، بەیانییەکیان بۆی گێڕاینەوە کە لە خەودا دوعای " اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي"ی خوێندووە.

ڕەمەزانەکانی ئەوسا ڕۆشتن و تەلەفزیۆنە ڕەش و سپییەکە کەوتە پشتی کەنۆڵەکانەوە و لە خورماڵ دوور کەوتینەوە، بەڵام ئێستاش ئەلویداعەکەی مەروان حەمەخورشید هەر چێژبەخشە.

# پەرلەمان

"پەرلەمان هیچ نیە، هیچ قورساییەکی نەماوە، دیوەخانێکە لەخزمەتی حزبدا، چییان بوێت هەر ئەوە دەکەن، ئەوە چەندەم جارە شکۆی پەرلەمان دەشکێنرێت، پەرلەمان هەر نەبوونی باشترە!" ئەم قسانە رۆژانە دەبیستین.

هۆکارەکانی ئەوەی بارودۆخی سیاسی و فەزای پەرلەمان بەم ڕۆژە گەیشتووە زۆر روونن، ئەوەی ئێستا بووەتە سەرئێشە بۆ ژمارەیەک پەرلەمانتار و بووەتە شانازی بۆ ژمارەیەکیتر، ئەوەی ئێستا بووەتە خاڵێکی جیاواز بۆ سەرۆک پەرلەمانەکان و خاڵێکی جیاوازتر بۆ جێگر و سکرتێرەکانی پەرلەمان، ئەوەی داخێکی قووڵی تا سەر ئێسقانە بۆ میللەتی بەشمەینەت.

ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ بێهیوایی زیاتر کردووە و نەک هەر ئێمەی جیلی دوێنی، جیلەکەی ئێستاش هەر دەبێ باجەکەی بدەن، ئەوە هەنگاوە ناتەندروستە سیاسییانەن لە ڕابردووی دوور و نزیکدا نراوان، بە ناوی "دەبێ سەداسەد ئەم وڵاتە سەراوژێر بکەینەوە"، بە دورشمی "هیچ شتێ

باش نیە"، بە نەعرەتەی "بڕوخێ"، بە شۆڕشی "تان و حزب"، بە چەخماخەی "یەکترسفرکردنەوە"، هاتە کایەی سیاسییەوە.

ئێمە بیست ساڵە شەو ڕۆژ، چاومان زیتەی دێت و ئەوەی رووەدات هیچ نیە جگەلە موزایەدەیەکی بێمانا و جگە لە هەواڵێک کە ئێوارە تەلەفزیۆنێ دەیخوێنێتەوە و لە سۆشیاڵ میدیا شەڕی عێل و عەشرەت و خێزانەکانمانی لەسەر دەکەین، جنێو بە هەرچی پیرۆزییە دەدەین و کە خەوتین و ڕۆژ بوویەوە هەموو شتێکمان لەبیرکردووە، بێ ئاگا لەوەی لەو چەند کاتژمێرەی ئێمە خەوتین چی گوزەراوە.

هۆشیاری پێویستە، تا پاڵەوانانی میدیا و سۆشیاڵ میدیا وەک خۆیان، موزایەدەچییەکان وەک خۆیان، پێشێلکارانی یاسا وەک خۆیان، فرتوفێڵکەرانی سیاسەت وەک خۆیان بناسرێنەوە و لەوە زیاتر گەورە نەکرێن، بەڵام ئەمە خووی شیری و پیریمانە.

نەوەدەکان چەند تەکبیرتان لە مزگەوتەکاندا دەکرد، چەند پەڕۆی رەنگاڕەنگتان لەسەر ماڵەکان بەرزکردەوە، چەند سرودی شۆڕگێڕی و جیهادی و نەتەوەیی و تێکۆشانتان لەبەر کرد، ئێوە قەرزێکتان لەگەردنە لە تێکدانی شیرازەی ئەم کۆمەڵگەیە، مەگەر تەنها ئەوانەی دێن بتوانن راستی

بکەنەوە، بۆیەش شەپۆلی نوێی سیاسەت، هەرگیز لە بۆیاخچییەکان خراپتر نابن، شەڕ دەکەن، یەکتری عەزیەت دەدەن، بەڵام لە سەر مێزێکی ڕازاوە دایانانێنەوە!

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت تاڵاوی دوێنییە دەیدەینەوە، چاوتان لە سبەینێ بێت بەش بارانێکی شیرین بەسەرماندا ببارێت!

# دابەشکاری

"چی دەبێ با ببێ، خۆ دنیا لەمە خراپتر نابێ بۆ ئێمە، ئێمە چ خۆشییەکمان لەم ژیانە بینیوە تا چاوەڕوان بین باشتر بێت، ئەمانە هەروابوون، خۆ خراپتر رووناداتا!"

هەموو دابەشکارییەکان ڕابگرن، نەخشەکان دوولەت و وڵاتەکان دوولەت و هەرێمەکان دوولەت و شارەکان دوولەت و سێوەکان دوولەت مەکەن، ئێمەی کوشتەی دوولەتییەکان و دابەشکارییەکان و پارچەپارچەبوونەکانین!

# بەڵای ناگەهان

ستەمکار، زاڵم، سیاسی بازرگان و چاوچنۆک و کەسانی موزایەدەچی، "بەڵای ناگەهان" نین بەسەر میللەتا باریبن، میللەت خۆی دروستی کردوون و هەر خۆشی دەتوانێ ڕایانگرێ!

هۆشیاری پێویستە، تا ڕاستی و درۆ، ساغی و چەوتی، ڕێکی و لاری لە یەکتر جیابکاتەوە، ئاخر "حەقیقەت" دابەش ناکرێت، فێڵی لێ ناکرێت، بە ژێربەژێر و گفتوگۆی نهێنی و ژێر پەردە و کۆبوونەوەی ناو ژووری تاریک ناتوێنرێتەوە و ڕاستەقینەیەک کە دەدرەوشێتەوە بە هەزاران خەڵک-زلکردن وخەڵک-فسکردنەوە ناشاردرێتەوە!

هەمیشە ڕاستگۆ و پشتیوانی ڕاستگۆیان و داکۆکیکارانی حەقیقەت بن!

# "ئەوەی لەفەیس بووک دەیڵێم گوناح نیە!"

زۆرینە لە فەیس بووک دەمیان کردۆتەوە و لە هەموو شتێ قسە ئەکەن، دەنوسن، چەلەحانێ دەکەن، کۆمێنتی نەشیاو دەنوسن، درۆ و بوختان بڵاو دەکەنەوە، هەواڵی ناراست بڵاوە پێدەکەن، بەڵام هەر ئەو کەسانە رووبەروو شەرمیان لێ دەبارێ! بە راس ئەو خوایەی گوفتارە خراپەکانی لە دەم و زمان قەدەغە کردووە هەر ئەو خوایە نیە لە فەیس بووکیش چەوتییەکانی حەرام کردووە؟

زۆرجار گفتوگۆی ئەم پرسەم لەگەڵ بانگخوازان و رۆشنبیرانی ئیسلامیش کردووە، بە جدی چ جیاوازییەک هەیە؟ بۆچی ئاساییە کەسێک لەفەیس بووک بچێتە ئەکاونتی ترەوە و ئەوەی نەشێ و بشێ بیڵێ و بینوسێ، بەڵام ئاسایی نیە بچێتە بەردەم ماڵی خەڵک و بە دەنگی بەرز جنێو بدا؟ جیاوازییان چیە؟

پێغەمبەری ئازیز (د.خ) دەفەرموێت: "لیس المؤمن بالطعان، ولا اللعان، ولا الفاحش، ولا البذيء - باوەڕدار؛ تانەدەر و نەفرینکەرو دەمپیس و جنێودەر نیە"

کەواتە هاوڕێی بەڕێز، ئەگەر خۆت بە ئیماندار دەزانی، سەنگی مەحەک ئەمەیە کە پێغەمبەرەکەت دەفەرموێ، ئیتر خۆت لێ نەبێتە پاڵەوانی فەیس بووک و پێت وابێت مادام خەڵکیتر قسە لەسەر حزبەکەت و ڕەوتەکەت دەکەن تۆش بۆت هەیە جنێو بدەیت!

ڕاستکردنەوەمان پێویستە؛ جنێو هەر جنێوە، بوختان هەر بوختانە، غەیبەت هەر غەیبەتە، درۆش هەر درۆیە!

# زەڵمی

هەندێ ئازیز بە کۆمێنتی جوان و هەندێکیش لە دەرەوەی سنوری رێز زۆر جار نەقدی ئەوەیان کردووم کە بۆچی پاشگری "زەڵمی" لەگەڵ ناوەکەمدا بەکاردەهێنم.

بە چەند هۆکارێکی سادە دەبێ بڵێم، من جگە لە شانازیکردن بە نەتەوەی خۆمەوە بڕوام بە هیچ جۆرە تەعەسوبێکی نیە، من تەنانەت لەسەر تەعەسوبی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیش زۆر شۆلم یانی هەوایەک لێمدا دەکەوم بەلادا. بۆیەش بەکارهێنانی پاشگری "زەڵمی" جگە لە خۆشەویستی بۆ گوندەکەم و رێزگرتن لە مامۆستای گەورەمان جەنابی پرۆفیسۆر د. مستەفا زەڵمی، هیچ هۆیەکیتری نیە و وەک مومارەسەکردنێکی ئازادی تاکیش پێم وایە ئەو مافەم هەیە، جگەلەوەش ئەمە هیچ کەمییەک نیە بەرامبەر بە بەکارنەهێنانی ناوی باوکی رەحەمەتیم یان دایکی ئازیزم.. هەمیشە نزای خێریان بۆ دەکەم و شانازیشی هەمیشەییمن.

"باشترینتان ئەوانەی کە پارێزکارن"

# تاپول

ئەوەی سیاسەتی قێزەون کردووە؛ بوختانچی و درۆزن و چاوچنۆک و خەسیس و تاپولە سیاسییەکانن کە وازیان لە مرۆڤسازی هێناوە و خەریکی بازرگانی و گیرفانسازین، چەند بێشەرمییە مرۆڤ خۆی بە خاوەن دیدگای جیاواز و پاڵەوانی دژە کۆیلایەتی بناسێنێت و خەریکی درۆسازی بۆ ڕاگرتنی ژمارەیەک دەوروبەر و خەریکی بوختانسازی بێت بەرامبەر ئەو هاوڕێیانەی ڕۆژانێک ڕێگایان بۆ کردۆتەوە، کەسانێک درۆزنی بشەرعێنن، هەموو شتێکیان لێ چاوەڕوان دەکرێت!

ڕەمەزان بۆ مرۆڤی پاک فرسەتە، تا رۆژێک ژیانتان ماوە دژی "درۆزنیی" بوەستنەوە و لە بەرەی "راستگۆیی" بدرەوشێنەوە!

# مرۆڤایەتی

"سێوێک کەوتە سەر زەوی و هەموو دونیا فێری یاسای ڕاکێشانی زەوی بوون، کەچی هەزاران جەستە دەکەونە سەر زەوی و مرۆڤ فێری مانای مرۆڤایەتی نابێت!" ئێمە کەی فێر دەبین، چیمان پێویستە، دەتوانین چی بکەین، چۆن تێدەگەین کە ڕۆڵمان چیە لەم ژیانەدا .. ئەم هەموو هەژاری و برسییەتی و قەرزارییە دەبینین و وەک بڵێی نە بامان دیوە نەباران، خەریکی خۆمان و خێزان و سفرەکانی ئێوارەمانین، خەریکین تامێکیتر و ڕەنگێتر و بۆنێکیتر بۆ خوانی ئێوارە زیاد ئەکەین وهەست بە بێ ڕەنگی و بێ تامی و بێ بۆنی ئەو هەموو سفرە سارد و سڕە ناکەین .. ئێمە چ کائینێکین کە خۆمان لە بینینی هەژارەکان ئەدزینەوە و چاو لە ئاستی فەقیرییەکاندا دادەخەین، ئەزانی زۆربەمان نامانەوێ هاوار و بانگەوازی قەرزارێک و نەخۆشێک و بێنەوایەکیش ببیستین، کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەش دەگۆڕین کاتێک دەچێتە سەر لێدوانی هەژارێک کە زبڵدانێکی ئاوەدانیشی دەست ناکەوێ بەشی ئەمڕۆ خواردنی بەرماوەی ماڵە زەنگینێکی تیا کۆبکاتەوە!

# دێڕە کاڵبووەکان

"سەرلەم کابرایە دەرناکەم، هەرچی ئەکەم نازانم بۆ وایە، زوو زوو میزاجی دەگۆڕێ، قسە و هەڵسوکەوتی زۆر سەیرن!"

هەندێ کەس هەن بۆمان ناخوێنرێنەوە، لەو دێڕە کاڵبووانە ئەچن جار جار لە لاپەڕەی کتێبەکەی ژیاندا دەکەونە بەرچاومان و ناچارمان دەکەن بوەستین، بوەستین و پارچەکان کۆبکەینەوە و بیاندەینەوە دەم یەک تا وێنەکەمان تەواو دەبێت. ئـارام دەگرین ... هەم دێڕە کاڵبووەکان تۆخ دەکەینەوە و هەم وێنەکەش دروست ئەکەینەوە!

# لاسایی

"بۆچی لاساییم دەکەیتەوە؟"، خراپترین شتێک کە ئێمەی کورد خوومان پێوە گرتووە، کردوومانە بە عادەت و پیرەکانمان وەک سیغار دەپێچنەوە و گەنجەکانمان دوکەلی قلیانی پێوە بە با ئەدەن؛ لاسایی ناواقیعی و نامەنتیقیە، سەرنج بدەن تەنانە منداڵەکان لە ناو خۆیاندا زۆرجار شەڕیانە لەسەر لاساییکردنەوە و بە بەرامبەرەکەیان دەڵێن: "لاساییم مەکەرەوە!".

ئەم ماوەیە، هەم لەماڵەوە بوون و هەم ڕەمەزان، بەشکو دەرفەتیان بۆ ڕەخساندبین، "بیرکردنەوە گەورەکە" دەستپێبکەین بۆ شکاندنی بتەکان، ئەو بتانەی بە دەستی خۆمان دروستمان کردوون، خۆمانمان پیاهەڵواسیون، کۆیلایەتییان بۆ دەکەین، گیرۆدەیان بووین، کاتی خۆمانیان بۆ بەفیرۆدەدەین و تواناکانمانیان بۆ بەهەدەر ئەدەین؛ بتی هەڵسوکەوتی سەقەت و مامەڵەی نەشیاو و رەفتاری ناپەسەند. لاسایی کردنەوەی بێ مانا تاکە زەرعاتێکی مرۆڤە کە هیچی لێ سەوزنابێ!

# کێرالا

ساڵی ٢٠١٢ ە و خەریکی خوێندنی ماستەرین لە زانکۆی بەنگەلۆری هیندستان، لەگەڵ کاک عیمادو خانەوادەی بەڕێزیان گەشتێکی چەند ڕۆژیمان سازکرد بۆ کێرالای "بەهەشتی خوا لەسەر زەوی"، نیوەڕۆیەک لە کۆچین ماینەوە، جەماعەت داوای خواردنی نیوەڕۆیان کرد، لە ریستورانتێک لامدا و داوای دوو مریشکی برژاوم کرد، بۆیان ئامادەکردم و لە کاتی دانی حسابەکەدا، هاوڕێی هیندی سەیرێکی کردم و وتی ببورە: "پرسیارێک، بەڕێزت موسڵمانی؟"، وتم: "بەڵێ، بۆ!؟"، وتی: "ئەم مریشکانە بە شێوازی ئێوە سەرنەبڕاون و بۆ ئێوە حەڵاڵ نین، من ناتوانم زوڵم لە ئێوە بکەم، بڕۆ ئەو ریستۆرانەی ئەولاتر حەڵاڵیان هەیە، لەوێ بیکڕە".. هەرچی وتم زەرەر دەکەی، باشە پارەکەی حساب دەکەم، وتی شتی وا نابێ، بۆ خۆمان هەڵیدەگرینەوە! ئەمە جوانیی ئەو مرۆڤە و بیروباوەڕەکەی نیشان داین، بەڵێ مرۆڤ دەبێ راستگۆ بێت لەگەڵ ئەوەی دەیکات و دەیبینێ

# تەنیایی

تەنیایی..
هەندێجار ڕەنگمان ئەکا،
هەندێجار دەمانکاتەوە بە ماڵا و
لە قرخەقرخی هەورەکانیش
کە نیازیانە چۆڕێ باران دابارێنن
دوورمان دەخاتەوە.
تەنیایی ...
هەندێجار تەنیا ئێشێکە لە گیانمانا
ئەوە نیە بێ دوودڵی دەڵێین:
"تەنیاییم دێشێ!"

# ڕەنگێکیتری ژیان

ماندوویت و شەکەتیت، گیرفانت خاڵییە و دڵت پڕ، چاوت خەم داگیریکردووە و فرمێسکی تێ زاوە، لە قەرەباڵغی ناتوانی بەخێرایی شەقامەکە تێپەڕێنی و وڕ وڕ دەکەویتە سەر ڕێگای خەڵک و شانەخڕێت پێ ناکرێ، چاوت لە میوەی تازەوە بیگرە تا جلوبەرگی کەشخە و تا لولەکەبابی گەرم و تا شەربەتی فرێش.

چاوت ئەچێتە ناو هەرچی مەغازە و دوکانەوەیە، جارێ سەعاتی مارکە و جارێ مۆبایلی ئاخر مۆدێل، ماندویەتی وڕکی پێگرتووی و برسیەتیش شەکەتییەکەتی زیاتر کردووە، غەڵبەغەڵبی خەڵک کە خەریکی مامەڵەن جار جار خەیاڵەکانت تێک ئەدا، چاوت ئەخەیتەوە سەر شۆستەی شەقامەکە و جارجاریش بە تەنیشتی عەرەبانەکان ڕەت ئەبی، لە روکنێکی بازاڕەکەیا بێ ئەوەی بە خۆت بزانی لەسەر قەنەفەیەک دادەنیشی، یەک لەحزە شادییەک دێتە گیانتەوە، خوایە چ کورسییکی نەرمە، قەت لەسەر کورسی وا دانەنیشتووم، دیسان دەنگێ خەیاڵت ئەپچڕێنێ، "کاکە

هەستە ئەوە هی فرۆشتنە، نابێ لەسەری دانیشی!". چ ژیانێکی سەیرە، خانووە جوانەکان نابنە هی تۆ، هەرناتوانی قاچیش بخەیتە ئەودیوی دەرگاکانەوە، ئۆتۆمبێلە ئاخیر مۆدێلەکان وەک سێبەرێکن و کەمتر نزیکیشیان دەکەویتەوە، چێشتخانە بەناوبانگە گەورەکان تەنها لە ریکلامی تەلەفزیۆنە شاشە بچوکە مۆدێل کۆنەکەیماڵەوەتانا چاوت پێیان کەوتووە.

ژیان ئەم ڕەنگانەشی هەیە، ئێستا کە لە ماڵەوەی، شتێ لەو سکونەت و ئارامییەت هەیە، دەزانم ڕەنگە منداڵەکانت برسیان بێ و ماڵتان سارد بێ، بەڵام قەیناکا خۆ هەموو ڕۆژێ داوای جپس و شەربەت و هەموو ڕۆژێکیش لە قوتابخانە حەسرەتی نەبوونی و پێڵاوە دڕاوەکانیان و جلە کۆنەکانیان ناچێتە دڵیانەوە، خۆ هەموو ڕۆژێ چاویان بە ئۆتۆمبێلە کەشخەکان ناکەوێ و باڵای ئاسمانی باڵەخانە جوانەکان و بۆن و بەرامەی چێشتخانەکان لە جامی پاسی قوتابخانەوە خەمیان ناداتێ. لە ماڵەوە ماوینەتەوە، تاکو شتێ یەکسانی و شتێ عەدالەت و شتێ لە خۆشەویستی و شتێکیش لە مرۆڤبوون فێربین، چ وانەیەکی سیحراوی تێدایە ژیان، کەسانێک هەن تەنها ئەم ڕۆژانە دەیانناسین و خەیاڵمان ئەچێتە خەیاڵیانەوە کە دەرفەتی بیرکردنەوەمان هەیە، تکایە با ئەگەر بە خەیاڵیش بێ دڵیان بدەینێ!

# ئەزموون

کاتە سەختەکان هەمیشە دەموچاوەکان ئاشکرا دەکەن، ئەنفالەکەی بەعس؛ جاش و مستەشارەکانی ئاشکرا کرد، کیمیابیباران؛ فێڵچییەکان و قۆڵبڕ و چەتەی زێڕی دەست و مەچەکەکان و شەڕی ناوخۆ؛ بلۆک وەشێن و ریش سوتێنەرەکانی پیشاندایین، ئەم بارودۆخەش تێدەپەڕێت و ڕەشبین و بێهیوا و موزایەدەچی و دۆڕاوو بێ هەڵوێستەکان دەردەکەون.

پەمپێ بۆیاخ بگرن بە دەستتانەوە و سەر دیوارەکانیان لێ پڕ بکەن!

# بەخشین

جووتێ پێڵاوی نیلی و سورم لە ئیغاسە وەرگرتبوو، بۆ ماوەیەکی زۆریش تا پێڵاوەکانیترم دڕان شەوان پێش ئەوەی بنوم لە پشتی سەرمەوە دامدەنان، ئەوکاتیش بەرگوێم کەوت کە وتیان گۆزەی تازە ئاوی خۆشە.

تەمەنم دوانزە ساڵەو یەکێکم لەو بێ باوکانەی رابیتە کەفالەتی کردووم، سەرلەبەیانی رۆژانی جومعە ماڵی کاک نەجیب حسێن وانەی قورئان و تەجویدی پێدەوتین و دوو مانگ جارێکیشی دڵیان گەرم ئەکردینەوە، د. عەلی قەرەداغی کاری مەزنی کرد و بە ئێستاشەوە بەرەکەتێکە بۆ ئاوەدانی گوندەکان و دڵئاوایی ماڵەکان و سەدان پڕۆژەی خێرخوازی ئەو شایانی ستایشی هەمیشەیین.

ئەمەم بۆیە وت تا بڵێم، غەیسی ئیماراتی دێت و لە ئەدایەکی ناوازەدا خێر دەبەخشێ، ماڵ ئاوەدان دەکاتەوە، فرمێسکی هەژارەکان دەسرێت، ماڵی ئاوا بێ، چەند دڵنشینە بینینی فرمێسکی شادی هەژارێک و ڤەرزارێک و

هەتیوبارێک، بەڵام دەزانن ئێمەش نمونەی ناوازەمان هەن، نەک هەر ماڵ دڵەکان ئاوەدان دەکەنەوە.

کاتێک رێبوار میرانی چاوی بەزەیی دەخستە سەر ماڵێکی هەژار و کەمدەرامەتی کەرکوک، کەرکوکی تازە ئازادکراوی دەستی بەعس و وێرانەی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەک، رێبوار نەک هەر خۆی گیانیی ئێمەشی ئەلەرزاند، خەیاڵیشی ئەتەنی، دواییش کە بەخشینی کردە سەکۆی خزمەت و بە قورگێکی گیراو و هەناسەیەکی تەنگ و چاوێکی پر لە حەسرەت و دەنگێکی پڕ حوزنەوە دەرگای ماڵە هەژارێکی ئەکردەوە و بنمیچە کڵسگرتوو و دیوارە قوڕینەکان و لەتە فەرشەکانی ئەخستە بەرچاومان، دونیا هێندە بچوک دەبوویەوە، دەتویست دڵ پارچە پارچە بێت و پارچەیەکی ببەخشی نەگ گیرفانت.

کاتێکیش عومەر گوڵپی، لە چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی پیر و پەککەوتەکان دەلاوێنیّ، رۆح ئەکاتەوە بە بەری پیریدا وژیان ئەبەخشێتەوە بە منداڵە بێ نەواکان، خۆشەویستی دەبینی لە گیانی کارکردنی رۆژانەیدا بە چەشنێ جەژنیش لەوێ لە پاڵ ریشێکی سپی بێ نازدا دەباتەسەر.

زۆر دووور نا ساڵی پار، کاتێک لە بەشە ناوخۆییەکانی شاری هەولێر، حاجی ئازاد سفرەی ڕەمەزانی دەرازاندەوە و هەزاران قوتابی بێ ترس و لەرزی برسییێتی تاقیکردنەکانی کۆتایی ساڵیان ئەنجامدا، چ هەستێک هەیە، بانگی رۆحی لەگەڵ نوێژێکی بە کۆمەڵی بەشەناوخۆیی شەوکەت نەفرێتە ئاسمان، چ هەستێکی جوانی بەخشییە دڵەکان.

ڤیان مەحمود خەریکە بە نیهانی و بە پەنهانی دەچێتە دوکانێک و مارکێتێک و لە دەفتەری قەرزدا، قەرزی ماڵێکی هەژار ئەداتەوە و دڵخۆشی دەخزێنێتە سەر سفرەی ماڵێکی قەرزار، چ هەستێکە بۆ خوا ژیان و بۆ خوا مردن.

بەخشەرەکان هەمیشە جوان و هەمیشە رازاوە و هەمیشەش خۆشەویست دەمێننەوە. ببەخشن تا حەسرەتەکان کەمتر و دڵخۆشییەکان زیاتر بن.

# با گۆزەکە نەشکێ

"قسەکەت بکە بۆ کەوتیتە مینگەمینگ.. یان قسە مەکە یان لە نیوەیا پەشیمان مەبەرەوە. زۆر ناخۆشە قسەیەک دەکەی تا نیوە و دوایی متق ئەکەی... چیە ئەوە بۆ قسەیەک ناکەی ئەڵێی کەشتیت غەرق بووە!"

چەندجار کەوتویتە ئەو مەوقیفەوە و نەتتوانیوە ئەو قسەی لەسەر زمانتە بیکەی، پێتوابووە، ئەوە قسەیە نەکردنی باشترە! دەمخۆش.

دەبێ هەمیشە لە یادمان بێ کە نەوتراوەکان دەتوانین بڵێین، بەڵام وتراوەکان ناگەڕێنرێنەوە، گۆزەکە بدەی بە بەردەکەدا و یا بەردەکە بدەی بە گۆزەکەدا وەک یەکە، هەر گۆزەکە دەشکێ، دڵەکان زۆر بە خێرایی بە قسە دەشکێنرێن ... با وریای قسەکانمان بین!

# ئێرەیی

تا ئەتوانن ئێرەیی ببەن، بەو کەسانە نا کە زۆر دەوڵەمەندن، بەو کەسانەش نا کە زۆرترین زانستیان هەیە، بەوانەش نا کە خۆیان بە موسوڵمانێکی زۆر باش نیشان دەدەن.

ئێرەیی بەو کەسانە ببن کە (دڵ)یان ئەوەندە گەورەیە، جێگای خەم و کێشەی خەڵکی تیا ئەبێتەوە، دڵنەواییان لێدەڕژێ، هەر دەڵێی تەنها ئەوان لە حیکمەتی بەندایەتی راستەقینە تێگەشتوون!

# بۆچی ئیمانداران زۆرن و وەزعی خەڵک هەر خراپە؟

ئیمان تەسککردنەوە و کورتکردنەوەی عیباداتی شکڵی نیە کە سەرقاڵمان دەکات و کاتەکانمان لێ داگیر دەکات، ئەوەندەی گەڕانە بە دوای بنەما گەورەکان و مانا دۆزینەوەی حەقیقەتەکانە، ئیمان ئەگەر بێ ڕتوش نەمانخاتە سەر ڕێگەیەک بۆ ژیان هیچ بە دەستەوە دەمێنینەوە.

پێغەمبەری خوا (د.خ) دەفەرمویت:" ئیمانی تەواو نیە ئەو کەسەی خۆی تێر بێ و دراوسێکەی برسی". لێرەوە سەرنج دەدەین ئیمان چیە، بۆچی پێی ناگەین، ئەم مەرتەبە باڵایە بە چی پێی دەگەین، خوا کە مرۆڤی دروستکردووە و عیبادەتەکان و پەرەستشەکانی لەسەر داناوە، بۆ چیەتی؟ خوا چی پێویستی بە عیباداتی مرۆڤە ئەگەر لە پێناو مرۆڤەکانیتردا نەبێت! یانی چۆن دەبێ ئیماندار بین و دراوسێکانمان برسییان بێت، کەمهێنانەکە تەنها و تەنها لە ئیمانەکەوەیە نەک لە دراوسێتییەکە.

**مامۆستا نەوەرەسی دەفەرموێ: "ئیمان هێزە"، کام هێز؟ هێزی بەرەنگاربوونەوە و هێزی بەخشین، تۆ کە نەتوانی بەرەنگاری هەژاریی ببیتەوە بەوەی هەتە، تۆ کە نەتوانی هێزی بەخشین لە باخچەکانی ئیماندا سەوز بکەی، کەواتە ماوتە لە ئیمان تێبگەی با ئیمانداریش بیت!**

**ئیمانداری بۆ ڕاگرتنی باڵانسی ژیانە و تا گیرفانەکان یەکسان نەبنەوە ئیمانی ناو دڵەکان یەکسان نابێتەوە، پێغەمبەر دەیتوانی زۆریش دەوڵەمەند بێت، بەڵام بەدەمەوەبوونی بۆ دۆست و دراوسێ و یارانی هەڵبژارد لە جیاتی ماڵی دونیا.**

# خۆزگە تۆش دەنوستی!

ڕەمەزان باشمان دەکا، تەنیا کاتێک باشبوون ئامانج بێ و ڕەمەزان هۆکار، برسیبوون و تینووبوون ئەگەر باشمان نەکەن وەرزشێ زیاتر نین، خوا بۆیە نوێژ و ڕۆژووی واجب کردووە تا باش بین، بیرمان نەچێ عیبادەتەکان یاساکانی ژیان ڕێکدەخەن بۆیە واجبن، بەڵام واجبی گەورە باشبوونە.

سەعدی شیرازی دەگێڕێتەوە؛ شەوێک بەنیەتی (شەونوێژ و پەرەستش) لەگەڵ جەنابی باوکم تا کاتێکی درەنگ پێکەوە دانیشتین ... لەو کاتەدا کە لەبەردەم پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە سەیری خانووەکانی کۆڵانم دەکرد، وتم: باوکە، چی دەبوو گەر ئەم خەڵکەش ئێستا بەئاگابوونایە و دوو ڕکات نوێژیان بکردایە، سەیرکە چۆن وەک مردوو لێی خەوتوون. باوکیشم وەک هەمیشە بە دانایی خۆیەوە وتی: کوڕم، خۆزگە تۆش دەنوستی و ئاوا پاشملە باسی خەڵکت نەدەکردا!

# متمانەیەکی شکاو!

قوتابییەک دەچێتە لای مامۆستاکەی باسی کێشەیەکی خۆی بۆ دەکات، کەمێ دواتر مامۆستاکە ئەو قوتابییە بەناڕاستەوخۆ دەکاتە نمونەی قسەکانی، جا بە شێوەیەک هەموو کەس دەزانێ باسی کێ ئەکا، مامۆستایەک لای سەرۆک بەشەکەی و بەڕێوەبەرەکەی باسی کێشەیەکی خۆی دەکا، ئەویش دەیکاتە نمونە، ژن و پیاوێک دەچنە لای مامۆستایەکی ئایینی بۆ چارەسەری کێشەکانیان، ئەویش دەیانکاتە نمونەی وتارەکانی!

چ ڕۆژگارێکە تێیکەوتووین، خواناسەکانیش توانای ڕاگرتنی ئەمانەتی کەسیان نەماوە، هەموو بیرمان دەچێتەوە چیمان لەسەرشانە و دەبێ بیپارێزین، متمانە هێندە لاوازبووە، لە ناو هاوڕێکاندا، خێزانەکاندا، قوتابخانە وزانکۆکاندا، دەزگاکانی حزب و حکومەتدا یەکسان کراوە بە سفر! لە خۆتەوە دەست پێبکە و ناوماڵەکەت، پۆلەکەت، زانکۆکەت و فەرمانگەکەت، پاک بکەرەوە، هەموومان پێویستمان بە خۆپاککردنەوەیە!

# مرۆڤبوون باشبوونە!

مرۆڤ وەک چۆن مرۆڤە دەبێ ئاواش باش بێت، باشبوون، بەشێکی مرۆڤبوون نیە، دەبێ خودی مرۆڤبوون بێت، مرۆڤ رەنگە بە بێ دەست و قاچ و تەنانەت چاویش بتوانێت درێژە بە ژیان و ئەرکی مرۆڤانەی خۆی بدات، بەڵام کە باش نەبوو ئیتر مرۆڤ نیە، گومانە گەورەکەی مرۆڤبوون تەنها لەسەر ئەوانەیە کە کەموکورتی باشبوونیان هەیە نەک کەموکورتی ئەندامانی جەستە! مرۆڤ لە پێناو باشبووندا خولقێنراوە، هیچ ئەرکێکیتری لەسەرشان نیە، بیرمان نەچێ؛ خواناسی، خودناسی و دینداری و پەرستش هەموو لە پێناو هاوکێشەی مرۆڤ و باشبووندان، مرۆڤبوون یەکسانە بە باشبوون! ئیتر نە هۆکاری دەوێ، نە میکانیزم و نە خاترانە، هەرگیز باشبوون خاترانەی نیە، بۆ نمونە، سەرنجی هەموو پەیامەکانی خالق بدەن فەرمانکردنەکە باشبوونە، خالق مرۆڤی دروستکرد تا باش بێت، کەواتە مرۆڤبوون باشبوونە!

باشبوون، "ئەو ماهیەتی بوونەیە کە هێز و شکۆ دەداتە تاکێک"، بە پێچەوانەشەوە هەرگیز لەگەڵ پێناسەکردن یان شیکردنەوەی باشبوون دا نیم لەسەر ئاستی گشتی، یانی تەنانەت لە ناو خێزانێکدا باشبوون لەسەر ئاستی ئەندامانی خێزانەکە دەبێت جیاواز بێت، باشبوون پەیوەندی بە ستاندارد و نۆرمەکانی کۆمەڵگەوە نیە، ئایین و کلتوریش هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە پێناسەکردنی باشبوون دا .. بۆ نمونە کە ئایین ئەمر بە باشە و ڕێگری لە خراپە دەکات، تەنها تا ئەوکاتە دروستە کە تۆ خۆت پابەندی ئایین بیت و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیا ئایینەکە باش و خراپەکان لێ جیا دەکەیتەوە، ئەویش دیارە چۆن پێناسەی باشبوون و خراپبوونی کردووە.

باشبوون لەسەر ئاستی تاک یانی ئەوەی لای بەڕێزت باشە و لە خزمەتی شکۆی تۆدایە، تەواو ئەوە ئەو "باشبوون"ەیە کە تۆ پێویستە و هەر کاتێک کەسێک توانی ئەوەت بۆ بکا کەواتە "باش"ە، نەک ئەوەی کە خێزانەکەت و گەرەکەکەت و ئایینەکەت بە باشی دەزانن.

قسەیەکی باو هەیە کە هەندێجار وەک پێناسەی باشبوونیش لێک ئەدرێتەوە "لەگەڵ خەڵکی بە شێوەیەک ڕەفتار بکە کە پێت خۆشە ئەوانیش ئاوا لەگەڵ تۆ مامەڵە بکەن" بەڵام باشبوون پلەیەکە هەموو کەس ناتوانێ پێی

بگات، من ناتوانم رازی بم لەو نمرانەی لە قوتابخانەدا بۆمان دادەنران لەسەر باشی و خراپیمان، ئینزیبات یان ڕەوشت، ئاخر کامانەن ئەو ستانداردانەی کە منی لەسەر پێوانە دەکرێم، بۆچی من باشم و هاوڕێکەم خراپ، بۆچی نمرەی من نەوەدە و هاوڕێکەم حەفتا، ئەم پێوانەیە تەنها رای شەخسی مامۆستاکانم بووە، شکۆی ئەوانم پاراستووە و کراوم بە باش، هاوڕێکەم شکۆی ئەوانی نەپاراستووە و بووەتە ناباش.

باشبوون، خودی ئامانجەکەیە نەک شکۆکە .. شکۆ من بۆ ئاسانکاری بەکاریدەهێنم ئەگینا هەر مەبەستم "باش"ەکەیە .. باشبوون لە پێناو باشبوون دا، ئەمە ئامانجە لە پێناو ئامانجدا .. نەک میکانیزم لە پێناو ئامانجدا.

# بۆ باش بم؟

باشبوون، هۆکاری نیە، شێوازی نیە، کاتی نیە، شوێنی نیە، پێویستی بە هیچ عەرز و حاڵێک نیە .. یانی پێویست ناکا ئەمڕۆ باش بیت و سبەینێ خراپ، لەگەڵ من باش بیت و لەگەڵ ئەویتر خراپ! ناکرێ لەبەر خۆت باش بیت و لەبەر ئەوانیتر خراپ! باشبوون خودە گەورەکەیە، وجودییەتی مرۆڤە. ئەگەر باشبوون بەشێکی تۆ و خراپبوون بەشێکیترت بێ، کەواتە هەمیشە لە شەڕێکی دۆڕاودایت، شەڕی باش و خراپ دۆڕاوەکانی زۆرترینن و هەمیشەیین، ئەوەی هاوکێشەکە شیکار دەکات و پیرۆزی مرۆڤبوونمان بۆ ئەهێڵێتەوە، شەڕی مان و نەمانە، نەک شەڕی باشبوون و خراپبوون... کەواتە مانەوە بەستراوەتە با باشبوونەوە، ئاخر کە خراپەت تێکەوت ئیتر نەمانت باشترە... مرۆڤبوون هیچیتر نیە جگە لە باشبوون، تۆ تا ئەو کاتە مرۆڤی کە باشیت، باشیش ئەو فەزیلەتانەی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە!

# قەرزاری

تۆ قەرزداریت بینیوە، ئەی قەرزت داوە بە کەس، چی لە قەرزاری تێدەگەی، ئەزانی قەرزاری خۆی مردنە، لە ژیاندا چەند جار قەرزت کردبێ بە خۆت بزانی یان نا ئەوەندە جار مردووی.

قەرز بەڵایەکی سەیرە، دڵخۆشییەکی کاتیت دەداتێ و لە بنەوە بست بست وردت ئەکات، چەکوشێکە ئێسقانەکانت ئەکوتێ، پاچێکە دڵت ئەکێڵێ، پیکێکە تەوقەسەرت ئەهەژێنێ، قەرزاری یانی تەرەبوون لە خۆت، یانی درۆکردن لەگەڵ خۆت، یانی تۆرانی خۆت و خۆت، ئەوکاتەی قەرزی بەڵێ دەزانی نوقسانی و کەمئەندامیت، دوو دەستت هەیە، دوو قاچت هەیە، دوو چاوت هەیە دیسان کەمئەندامی، زل زل خەریکی بەسەر شەقامەکانا ئەخولێیتەوە کەچی دیسان نوقسانیت هەیە نوقسانی، ئەو شەوەی مێشک دەئاوسێ بۆ قەرزکردنێ، ئەو بەیانییەی چاوە داخراوە نەخەوتووەکانت ئەکەیتەوە و پلانێکی جەهەننەمی بۆ دا ئەنێی، تەنیا یەک شتت پێویستە بۆ

ڕۆشتن بەرەو ئامانجەکەت، ئەویش "سەرێکی بەرز" کە نیتە، قەرزاری بەڵای گیانە گیان.

ئەگەر پشکێکت هەیە لە "قەرز" جا خۆت قەرزاری یان قەرزت لای خەڵکە دیسان پێویستە ئەم تێگەشتنەت هەبێ، ئەگەر قەرزاری ئەوە ئاسانتر درک بەوە دەکەی، چیت و خەریکی چیت، ئەگەر خاوەن قەرزیشی و قەرزت لای کەسێکە، مارکێتت هەیە یان کۆمپانیا، لە پشتی سەرتەوە لەسەر مقەبایەکی چڵکن بە خەتێکی روقعەی جوان مەنوسە: "تکایە قەرز نیە تەنانەت بۆ تۆش!" یان مەنوسە: "تکایە قەرزمان ڕاگرتووە!" ئەم دوو ڕستەیە گەورەترین جنێون لە مێژوودا بە ئاشکرا دەدرێن و مامۆستایەکی ئایینیشمان نەبینی بڵێ: "ئەم جنێوانە ڕابگرن!" و "ئەم جنێوانە حەرامن!"، "موسولمان کەسێکە موسوڵمانان لە زمانی پارێزراو بن!"

بەڵێ قسەکردن لەسەر لار ولەوێری قەرزارەکانیش زۆر پێویستە بەڵام ئێستا بارودۆخەکە هێندە خراپە، یەک کەلیمەی لەسەر ناڵێم!

# ئێمە باجی چی ئەدەین؟

تا دێت ژیانی تاکی کوردی لە سایەی حوکمڕانییە جیاوازەکاندا سەختر و قورستر دەبێت و هەمیشەش پاساوی حازرمان بە دەستەوەیە کە ئەمە چیە ڕوودەدات، بۆ من کە موچەخری دەوڵەت نیم جیاوازییەکی نیە و بارەکە هەر چلمنە، بەڵام دەڵێن لە ٢٠١٠ تا ٢٠١٤ وەزعی خەڵک و حکومەت باش بووە، با وای دابنێین ئەوە زێڕینترین سەردەمی ژیانی شاهانەی تاکی کوردی بووە، چین ئەو هۆکارانەی ئەو چوار ساڵەیان بۆ ڕازاندینەوە و بۆچی دواتر هەموو شتێک تێکچوو، بە ڕاس ئێمە باجی چی ئەدەین؟ کوردبوون یان مرۆڤبوون؟ حکوومەتی عێراقی تا ٢٠٠٣ بەڵێ دیکتاتۆری و بەعسی و شۆڤێنی و چی و چی بوو، هەزاران منداڵی وەک منی بێ باوک کرد، ئەی حکومەتەکانی دواتر چییان بۆ کردین؟ بە ڕاس ئێمە باجی چی ئەدەین؟ کوردبوون یان عێراقیبوون؟

کە وردتر لە بارودۆخەکان دەکۆڵیتەوە، هۆکاریتر هەن لە خراپتر کردنی گوزەران و ژیانمان ڕۆڵی نالەبار دەگێڕن ئەوانیش بە کورتی لە سەر ئەدای تاکی کوردی دەوەستن کاتێک پۆستێک وەردەگرن یان دەچنە سەر کورسییەک، ئێمە "حەز" و "خواست"ێکی نهێنی و ناوەکیمان تێدایە بۆ بوونە بەڵا بۆگیانی یەکتر، بۆ عەزیەتدانی یەکتر... شۆڕشی کوردی بخوێنەرەوە، ئینجا وەرە سەر زەمەنی ئۆپۆزسیۆنبوونی کوردی و دواتریش وەرە سەر سەردەمی حوکمڕانی کوردی، ئەم حەزە هەر زەق زەق لە گیانمانا زەقەی دێت، ئێمە لە بندەرهێنانی ئەم "حەز"ەمان پێویستە، بۆ ئەوەی ژیانی خۆمان و دەوروبەریشمان چاک بکەین.

کەواتە کێشەکە "مرۆڤبوون" ەکەیە پێش ئەوەی "کوردبوون"و "عێراقیبوون"ەکە بێت... بەڵێ بەرپرسانی کورد تەنها بە پێداچوونەوە بە تێگەشتن و ئاڕاستەکردنیان بۆ چەمکی "مرۆڤبوون" دەتوانن هەم بەرپرسێکی دەستپاکی خزمەتگوزاری دڵسۆز بن هەم دەتوانن کوردێکی عەیار ٢٤ی بێ خەوش بن کە هەمیشە بە شیاوی متمانەیان بزانیت.

**ئەم ڕۆژانەی پێیاندا تێدەپەڕین بە سەختترین ڕۆژەکانی ژیانی تەمەنی سی و چوار ساڵی خۆمی دەبینم، چونکە ئەو هەموو قەرزاری و نەبوونی و هەژاری و چاوشۆڕی و سەرکزییەی کە ژیانی تەنیوین، باجی ناتەندروستی مامەڵە و تێگەشتنی سەقەتمانە لە پارێزگاری لە شکۆی ئینسان، ئەگەر شتێک مابێ بە ناوی "ئینسان" تا شکۆی هەبێت!**

# بۆنی هاوڕێ

هاورێیەتی تێگەشتنە نەک بەگوێکردن، یەکترقبوڵکردنە نەک یەکترلەبیرکردن، هاورێی باش، بۆ خۆی کۆتا یادگاریی شیرینە، تەنانەت ئەگەر هیچ هەواڵێکیشی نەزانی، بەڵام ئەوەش بزانە هەر مرۆڤە و کتێبێکە و ژیانیش کتێبخانەیەکە بۆ ریزکردنی کتێبەکان، کتێبە هاوئاستەکان نزیکی یەکتر ڕابگرن، کتێبێک هەیە زۆر نزیکە لە دڵەوە و هاوڕێیەکیش هەروا، کتێبیتریش هەن شیرینن و زۆریش هەن هەر کتێبخانەکەیان قەرەباڵغ کردووە، ژیان پڕە لە کتێبی ڕەنگاوڕەنگ، ئاها کە بیری ئازیزێکت ئەکەی ئەڵێی:

بیری بۆنت ئەکەم

وەک بۆنی ئەو چڵە نێرگزەی

دەیخەیتە دوو توێی

ئەو کتێبەی دەیخوێنیتەوە!

# قسەی دڵ!

لەبەرخاتری کەسێک و خێزانێک و گوندێک و عەشیرەتێک و تەنانەت نەتەوەیەکیش، هەرگیز مەهێڵە ویژدانت ببیتە دوژمنی مرۆڤایەتی، غاندی پێی وایە باوەڕ بە ڕێزگرتنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی نابێ ژەنگی تێبکەوێ، چونکە مرۆڤایەتی ئۆقیانوسێکی گەورەیە، بۆیەش ئەگەر چەند دڵۆپێکی ناپاکیشی تێ بڕژێت، ئۆقیانوسەکە هەر بە پاکی دەمێنێتەوە، ئەم بارودۆخە ئەگەر تەنها دەرفەتی ئەوەمان بۆ بڕەخسێنێت کە لە جیاتی ئەوەی ئازاری یەکتر بدەین، یەکترمان زیاتر خۆش بوێت، و لە جیاتی ئەوەی سەرکۆنەی یەکتر بکەین زیاتر ڕێزی ماندووبوونی یەکتر بگرین، ئەوا سەرکەوتووش دەبین و زۆرترین دەستکەوتیش دەچنینەوە، قسەکانت زۆرتین کاریگەرییان هەیە، هەندێک قسە هەن دڵ دەبەن و هەندێ قسە هەیە گیان دەکێشن، تا دەتوانن با قسەکانتان دڵ ببەن و گیان ببەخشن نەک گیان بکێشن و دڵ بشکێنن!

# دڵ تێر بکەن نەک گەدە!

مانگی ڕەمەزانە و زەکات و سەرفیترە و بەخشین و صەدەقەکان لە ناو جەمعی چاکەخوازاندا دەستاودەستیان پێدەکرێت و دڵنەوایی دەبێتە بەرەکەتی ماڵ و حاڵەکان، ئاخر بەخشین بە بەخشەر و بۆ وەرگریش دڵخۆشییە، دەرد و نەخۆشی و کێشەکان کەم دەکاتەوە.

زەکات و سەدەقەکانتان بخەنە تەنەکەی خۆڵەکانەوە تا زووتر بگاتە هەژارەکان هەژاری دەردێکە دەوری تەنیوین، خۆزگە دەکرا تەفروتونای بکەین، ئەو نەخۆشانەی گیرفانی دەرمانێکیان نیە، ئەو قوتابیانەی هێشتاش پارەی قیستی خوێندن قەرزارن، ئەو گەنجانەی مارەیی زەواجێکیان نیە، ئەو خانەوادەیەی سفرەی ئێوارەیان نیە، ئەو کەسانەی کەسیان نیە، ژیانیان نیە، قەرز دەوری تەنیون! ... با بڕیار بدەین، چی بکەین؟ چۆن زەکات و سەدەقەکانمان ببەخشین!

- برۆ دوکانێک یان مارکێتێک و چەندی پێت دەکرێ دەفتەری قەرزەکان پاک بکەرەوە! سەیری دەفتەرەکەت بکە، قەرزت لای کێیە لێی خۆش ببە!

- سەیری دراوسێ و کەسوکارەکەت بکە بزانە کێت لە دەورە و دەردی هەیە ئازاری کەم بکەرەوە، خورپەی دڵی کەم بکەرەوە!

- قیستی خوێندنی چەند قوتابییەک بدە، چەند گیرفانێکی ساردی شەوانی تاقیکردنەوە گەرم بکەرەوە.

- ئیفتار و خواردن گرنگە، بەڵام تکایە پارەی خواردنەکە ببەخشە چونکە دڵەکان گرنگترە تێر بن تا گەدەکان، دڵێک خۆش بکە قەرزاری خەریکە جەڵتەی بۆ دێنێ!

- با صەدەقە و بەخشینەکەت هیواداری بداتە ماڵەکان، خۆشنودی بۆ ژیان بهێنێ، بەرەکەت بڕژێنێتە کۆڵانەکەت و بنەماڵەکەتەوە!

## بانگت دەکەم تا بڵێی: گیان!

بانگی هیچ کەست کردووە و لە وەڵامدا بڵێ: "گیان"؟ کەس پێی وتووی قسە بکە: هەموو "گیان"م بووەتە گوێ بۆت!، کەس تەلەفۆنی بۆ کردووی پێت بڵێ": "گیان، بیرم ئەکری!"، هیچ کەس نامەی بۆ ناردووی و نوسیبێتی: "سڵاو گیان، تەنها حەزم کرد هەواڵت بپرسم!".

گیان خودی ڕۆحە، ئەم نزیکبوونەوەی ڕۆحە چیە لە نێوان مرۆڤەکان و گیان و ڕۆحیاندا هەیە، چی شتێکە وای کردووە ئەمەندە گرنگ بین بۆ یەکتر؟ بیرکردنەوەی باش دەمانگەیەنێتە ئەو حەقیقەتەی بەڵێ، هێشتا زۆرن ئەو ئازیز و هاوڕێ و خوشک و برا و کەسوکارانەی دڵیان بۆت تەنگ ئەبێ و خەمت دەخۆن، بیریان لای ژیان و گوزەرانتە، بیریان لای ئەوەیە چی دەخۆیت و چی دەپۆشیت، تەنانەت بیر لە ژمارەی هەناسەکانیشت دەکەنەوە. تۆ پڕی لە نازو نیعمەتی خۆشەویستی و موحیبەتی ئازیزان، پڕی لە عیشقی دەوروبەرت، کەواتە سپاسی خوا بکە لەسەر هەموو بەخششانەی هەتن، باش بە و گەشبین بە و بەهیواوە ڕۆژەکانت بە ئێوارە و شەوکانت بە سپێدە بسپێرە، تۆ شاهەنشای دڵخۆشییەکانی زەمینی!

# دینداری لە سەردەمی بێ هیواییدا!

خراپترینمان، ئەو کەسانەین کە بۆ خۆمان دەژین، ڕازاوەیی سفرەکانمان، بە نیشانەی باشبوونی ژیان تێدەگەین، گیرفانپڕیمان بە بەرزبوونەوەی وەزعی ئابوری دەزانین، لەشساغیمان لەبیرمان دەباتەوە دەرمان چەندە گرانە، بێوەییمان، وامانلێدەکات دەنگی ناسازییەکان نابیستین، قیژە و هاوار ناچێ بە گوێمانا! نوێژکردنمان بە نیشانەی دڵئارامیی هەموو خەڵکی دەزانین! بە پێچەوانەوە، هەزاران سفرەی سارد لەم وڵاتەی ئێمەدا کۆدەکرێنەوە، سەدان گیرفان بێجگە ناسنامەیەک شتێکیتریان تیا نیە، هەزاران کەس توانای کڕینی عیلاجی سێ ژەمەیان نیە، ڕۆژانە دەیان کەس نەخۆشی دەیانخا بەلادا، خەم و خەفەت دڵی هەزاران کەسی گرتووە! ئەمە سەردەمیی (بێهیوایی)ە، تۆ چەندت پێدەکرێ و چیت پێدەکرێ؛ ئەم هیوابەخشینەوەیەت، ڕۆشنبیریتە، دڵفراوانیتە، دەوڵەمەندیتە، لەشساغیتە و (دینداری)تە! خوا بمانپارێزێ لەو کاتانەی لەسەر سفرە ڕازاوەکان پاڵمان لێداوەتەوە و دراوسێکانمان برسییانە و هیچمان لێناوەشێتەوە!

# کاتێ فێری تیکتۆک بووم!

ئەستەمە ئێستا قەناعەت بە گەنجێکی کەشخەی مۆدێل بکەی گوێ لە حەسەن زیرەک بگرێ لە کاتێکدا دڵی ئەو و ژیانی ئەو هی سەردەمی نەڤید و هەردی سەلامی و شابازە، دەی ئەمە بۆ هەموو بوارەکانیتری ژیانیش راستە، راهێنەرێکی نێودەوڵەتی دەیگوت: "کاتێ فێری تیکتۆک بووم کە زانیم پیربووم و هیچ سودی لێ نابینم"، ئێمە ناتوانین بە باکگراوندە تۆزلەسەرنیشتووەکانمانەوە کاریگەریمان لەسەر ئەم جیلە نوێیە هەبێت، بۆیەش هەم پەروەردە قورسە و هەم ئاراستەکە شێواوە، ئاخر کە بیرم دەکەوێتەوە تا گەورەبووم نەمتوانی پاسکیلێکم هەبێ ئیتر ئێستا چ سودێکی هەیە ئەگەر کارگەی پاسکیلیش دابنێم .. هەموو شتەکان بە وەختی خۆیان، ئەوەی پێویستە لەگەڵی بڕۆین و ئەپدەیتی بکەینەوە و لێی نەترسین شێوازی پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیە، ئێستا باشترین دەرفەتە ئەو کەسایەتی و گروپ و ئەکادیما و خەمخۆرانەی دەتوانن ڕۆڵی گەورە بگێڕن!

# عەمرە لە ماڵی خۆمانەوە!

ئەمرۆش تێدەپەڕێ، لوقمەیەکیتر رۆژەکەمان بە ئێوارە دەسپێرێ، وەزعەکەش دەڕوا، سبەینێش هەروا، هەفتەی کۆتایی و مانگی داهاتوو و ساڵەکەشمان هەروا، ئەوەی دەمێنتەوە، تا قووڵایی، تا بینەقاقامان ڕۆچووە، تا نغرۆبوونمان لە خۆمان چووەتە خوارەوە، تا ویژدان و هەست و ئەقڵ و گیانی داگیرکردویین، دابەشکارییە نایەکسانییەکانن.

ئەمڕۆش دەڕوا و منداڵێکیتر بە برسیەتی و دایکێکیتر لە ژێر سەرما و باوکێکیتر لە حەسرەتی ئازارە قووڵەکانی خێزانەکەیدا ملی بە دیوارەکەوە دەنێتەوە و لە شەوێکی تری خەماویدا خەو دەیباتەوە.

چ دەردێکە هەژاری، چ بەڵایەکە نەبوونی، چ ئازارێکە مرۆڤبوون، شەو و ڕۆژ تێدەپەڕن، هەفتە و مانگ و ساڵ دەڕۆن و ئەم خەمە هەر وشک ناکات، ئەم زامە تەڕایی لێنابڕێ، ئەم دڵە خۆشییەک نایێ بەلایا... خودایە بۆ خۆتی بەرەوە هەژاری!

**ئەمساڵ سەفەری عەمرە و گەشتی نورانی حەج نابێتە نسیب، دەی عەمرەی ماڵێکی دراوسێ و حەجێکی گەڕەک و گوندەکەتان بە کەم مەزانە .. خوا بەرەکەت ببارێنێتە ماڵ و حاڵتانەوە ... ببەخشن تا باوک و دایکێکیتر لە حەسرەتی هەژاریدا پشوویەک بەن!**

# دەرفەت

بیربکەرەوە، کام هەنگاوی هەڵەت ناوە لە ژیانتا، راستی بکەرەوە، هەنگاوی داهاتووت چۆن دەنێی دیسان بیری لێبکەرەوە، دەرفەتی زێڕینە بۆ بیرکردنەوەی باشتر، بۆ خوێندنەوەی نوسینە جوانەکان، دەرفەتە بۆ باشکردنی بەینی خۆت و خوات، بەینی خۆت و نزیکەکانت، بەینی خۆت و خۆشەویستانت، دەرفەتە بۆ نوسینی باش و خوێندنەوەی باشتر.

بڕوا بکەن پارچە نوسینی وا هەیە کە دەیخوێنیتەوە وا دەزانی قەپاڵ لە هەنجیرێکی وشکی قاژکراو ئەگری کە پڕە لە کاکڵە گوێزی تازە، بخوێننەوە و چێژ لە ژیان وەربگرن، ئەم پشووە تەواو دەبێ و سەرقاڵییەکانی ژیان دەست پێدەکەنەوە، هەمیشە لەشساغ و تەندروست بن.

# تۆیەکی رۆحانی

ژیان لەو بێ ڕەنگییانە زیاترە، تۆیەکی ڕۆحانی خۆتی پێ کاڵ ئەکەیتەوە، ئاخر مەگەر هەر خەیاڵ رۆح بکاتە رۆحانی و مەگەر هەر شەونمی بەیانیان دڵ لە نیگای سروشت تێرکا، تۆ رۆژەکانی هەفتە بژمێرە و هیچ رۆژێک بێ ڕەنگ مەمێنەرەوە، رەنگەکان دەبێ بێنە ژیانتەوە، بێنە گیانتەوە، بێنە رۆحتەوە، دەبێ رۆژێک نا و دووان نا و سیان نا ، تۆ دەبێ هەمیشە رەنگین بیت، پەی بردن بە رەنگینی ژیان بۆ هەمووان وەک یەکە، تۆ ساز بیت یا پەری، تۆ شەبەنگ بیت یا شەونم، مانگەشەو رەنگەکان رازاندوویانەتەوە، مانگی چواردە بێ رەنگەکان سەردەرناکا، تۆش بێ رەنگەکان وونی، من بیر لە هەموو ئەو رەنگانە ئەکەمەوە دەشێ لە تۆوە بن، ئاخر هەر بوونێکت رەنگێک وهەر بۆنێکت رەنگێک و هەر هەنگاوێکت رەنگێک، تۆ هەموو رەنگەکان دەپۆشی و تۆ هەموو رەنگەکان دەنۆشی، ئەوەی نابێ بچی بە لایەوە، ئەوەی نابێ پێت بکەوێ، سەراوژێری رەنگی تەنیاییە، مەهێڵە تەنیایی بێتە گیانتەوە، ئەی رەنگینترین ڕەنگی ئاوەدانی.

# تەمەن ئەڕوا

تەمەن ئەڕوا و ئەوەی لێی جێدەمێنێ چنگێ گلەیی و مشتێ بۆڵەبۆڵ و جامۆڵەیێ فرمێسک و قاقایەک لە دڵخۆشیی، ئەوەی لێی دەکەوێ، قاوەڵتییەکی سبعانە و عەسرە چایەکی جومعە و شەونشینییەکی دڵنشین و خەوی سەر بانی لادێییەک لە سەر قەرەوێڵەیی هەن خۆش ... خەمت لێ ئەتۆرێنێ، تەمەن ئەڕوا و ئەوەی لێی جێدەمێنێ، تەمەن ئەڕوا و من سەرم لە زۆر شت دەرناچێ.

سەدە با هەر سەد ساڵ و دەیە با هەر دە ساڵ و ساڵ با هەر دوانزە مانگ و مانگ با هەر چەن هەفتەیەک و هەفتەش با هەر حەوت رۆژبێ، با کاتژمێر و خولەک و چرکەکان تێپەڕن .. ئیمە چیمان هەیە رێی رێکردنی تەمەنی پێ بگرین، ئێمە کام دارشەق لە تەمەنێکی گەنجی و کام گۆچان لە پیریا فریامان ئەکەون، کام ئاوێنە شەست ساڵ لەگەڵمان هەڵئەکا و کام شانەیە بۆ قژە لولەکانمان هەر بەسودە.

تەمەن ئەڕوا و ئەوەی جێدەمێنی جەستەیەکی شەکەت و مێشکێکی ماندوو و دڵێکی شکاو و ئامانجێکی لێڵ و شکستێکی ناسازە، وەڕسمان ئەکا و ماندوویەتمان پێوە دەئاڵێنی، ئەوەی دەمێنێتەوە پێویستییەکانە بۆ پشوویەکی درێژ.

تەمەن ئەڕوا و ئەوەی دڵم پێی خۆشە سەرکەوتنەکان و ئامانجە گەشەکان و کارە باشەکانن کە دەبێ بیکەم، ئەوەی دەگەشێتەوە خۆشەویستییەکە لە دڵما و جوانییەکە لە دیدارەکانمەوە پێ ئەگەم.

تەمەن ئەڕوا و ئەوەی شانازییە هاوڕێیەکە وەک خۆم لەگەڵمە و قبوڵی کردووم و قبوڵم دەکا، وەک خۆی خۆشم ئەوێ بە هەموو بیرکردنەوە و عەقڵییەت و هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و تەعامولەکانییەوە!

تەمەن ئەگەر شانازییەکی هەبێت، خانەوادەیەکی هەمیشەیی و هاوڕێ باشەکانن، ساتەدڵنشینەکانن و دەسکەوتە گەورەکان و ئامانجە گەشەکانن، من بەم جوانیانەوە تەمەن ئەگوزەرێنم ... تەمەن ئەڕوا و زیاتر دەگەمە لای شانازییەکان!

# بەڵای گیان!

گەورەترین بەڵا کە هەمووما‌ن ئازاری لێوە ئەچێژین و هەمووشمان بووینە قوربانی لە پەنایدا، "درۆکردن"ە.

درۆی سەرکردەکان و سیاسیەکان و میدیاکار و بەرپرسان بازرگانەکان و هەمووان، تۆ کە لە نرخی کیلۆیەک تەماتەوە تا مامەڵەی ئاڵتون ناراستی دەڵێی، تۆ کە لە پێناو بەرژەوەندی خۆت و خێزانەکەتا راستیی نایێ بە دەمتا، تۆ کە تەنانەت لەگەڵ هاوخەبات و هاورێباز و نزیکەکانیشتدا درۆ ئەکەی، تۆ کە منداڵە نازیرەکەکەی خۆت بە درۆ دەکەیتە یەکەمی پۆلەکەت، تۆ کە نزمترین کوالیێتی شمەکەکانت بە باشترین دەخەیتە ماڵەکانەوە، تۆ کە هەر قەڵەمێکت گرت بە دەستەوە و مایکێک هاتە بەردەمت ناچی بە لای راستییدا دەبێ بزانی پێش هەموو کەس خۆت زەرەرمەندی یەکەمی!

درۆ کردن بەڵای گیانە.

**هەرگیز توخنی مەکەون و نزیکی ئەو کەسانەش مەکەونەوە کە درۆ دەکەن با سەریشیان لەسەر بەرماڵ بێت، هەرگیزیش پەشیمان مەبە لەوەی ڕۆژێک زووتر لە درۆزانێک دوور کەوتبیتەوە!**

# عەشقی باوک و دایکت!

باوکت هەیە، دایکت هەیە؟ بڕۆ ژێر دەستیان، تێر تێر سەیری چاوەکانیان بکە، سەیری تەڕایی گۆنایان بکە، چاو ببڕە سووری روومەتی گەشیان هی ئێستا نا، گەنج گەنج لێیان ورد بەرەوە.

بیهێنە بەرچاوی خۆت؛ ساڵێکی زۆر دوور، دوو دڵی نزیک لەسەر رێگای کانییەکەی گوند، چاویان دەبڕیە چاوی یەکتر، شەرمیان بەباڵای یەکدا هەڵئەواسی، نیگایان تا کەلوملەکانی دەوروبەری دێ ئەڕۆشت، باوکت دەستی دەکرد بە بن پشوێنەکەیا و هەورییەکی قەدکراوی بۆنخۆشی دەدایە دەستی دایکت، دایکیشت بە هەردوو دەستی وەری ئەگرت و ئەیخستە سەر چاوەکانی و تێر بۆنی ئەکرد. ئەوان لە یەکتر جیا ئەبوونەوە، هاوڕێکەی دایکت لەولاترەوە چاوەڕوانە، باوکت دەچوویەوە ژێر دارەکان و سواری ئەسپە زینکراوەکەی ئەبوویەوە و ئەچوویەوە بەرەو گوند. ئێوارە باوکت لەسەر سفرە سادەکەی ماڵی باوکی، لە تەنیشتی دایکییەوە دادەنیشت و

ئحم ئحم، دایکی تێدەگەیاند، بەزمەکە لای باوکی باس بکە، نەنکە سەلارەکەشت، دەستێکی ئەهێنا بە ڕوومەتیا و تیتەکانی بە سەرپۆشەکەی دائەپۆشییەوە و بە ویقارێکی بەرزەوە ڕووی لە باپیرە دەکرد: پیاوەکە، کوڕەکەمان بووە بە پیاو!

هەفتەی دواتر، دایک و باوکت لە ژوورێکی ڕازاوە بە جاجمی ڕەنگاوڕەنگ، لەسەر قاڵییەکی گوڵگوڵی، ئاها لە سوچێکی ژوورەکەیا نوێنەکان بە متیلێک داپۆشراون و چرایەک بە سووچێکی ژوورەکەوە هەڵواسرەوە، مامۆستای گوند لەسەر ئیزنی باپیرەکان، هەردووکیانی لەیەکتر مارە کرد، ئەوان بوونە جیهانێکی نوێ، ئەوان بوونە ژیانێکی نوێی بەهەشتی، سەرنج بدە، تۆ بەرهەمی ئەو عەشقەی ئەزیزم!

# ئەو شەوەی مەولانا چوویە ناو مەیخانەیەکەوە!

جارێکیان مەولانای رۆمی، هاوڕێی خۆی شەمسی تەبریزی بانگهێشتی ماڵەکەی دەکات و خوانی بۆ ئامادە دەکرێت، شەمس کە چاوی بە خوانەکە دەکەوێت:

+: ئەی بۆ شەرابتان بۆ من ئامادە نەکردووە؟

- : مەگەر تۆ شەراب دەخۆیتەوە!؟

+: بەڵێ.

-: بەڵام من ئەمەم نەدەزانی!؟

+: باشە، ئێستا کە زانیت، شەرابم بۆ بانگ بکە.

-: بەڵام بە نیوە شەوە، شەراب لە کوێ بێنم؟!

+: بە یەکێک لە پیاوەکان بڵێ، بچێت و بۆم بهێنێت.

-: ئاخر بەم کارە لای نزیکەکانم ئابڕووم دەچێت!

+: کەواتە خۆت هەستە و بڕۆ و بۆم پەیدا بکە!

**-: ئاخر لەم شارەدا هەموو من دەناسن، چۆن بچمە گەڕەکی مەسیحییەکان و شەراب بکڕم!؟**

**+: ئەگەر گرنگی بە من دەدەی، دەبێت ئامادەکاری بکەی، من شەوان تا شەراب نەخۆمەوە ناتوانم نان بخۆم، و قسە بکەم و تەنانەت بە ئارامیش بخەوم!**

**مەولانای رۆمی لەبەر ئەوەی شەمسی تەبریزی زۆر خۆش دەویست، بە ناچاری، تورەکەیەکی هەڵگرت و شوشەیەکی لەگەڵ خۆی برد و بەرەو گەڕەکی مەسیحییەکان کەوتە ڕێ ! تا پێش ئەو کاتە کەس گرنگی بە هاتوچۆی مەولانا بۆ ئەو گەڕەکە نەدەدا، بەڵام ئەمجارە، هەر کە چوویە ناو گەڕەکەوە، خەڵکی بە سەرسوڕمانییەوە دەستیان کرد بە چاودێریکردنی. بینیان کە مەولانا چوویە ناو مەیخانەیەکەوە و شوشەیەک پڕ کرد و لە ناو تورەکەکەدا شاردییەوە و بەرەو ماڵ گەڕایەوە.**

**هێشتا لە گەڕەکی مەسیحییەکان دوور نەکەوتبوویەوە، کە ژمارەیەک لە مسوڵمانەکانی ئەو دەورەبەرە دوای کەوتن، بەردەوامیش ژمارەیان زیاد دەبوو، تا ئەوەی گەشتە بەردەم مزگەوتەکەی خۆی ، کە خۆی پێشنوێژی و وتار خوێنی بۆ مسوڵمانان دەکرد، لەم کاتەدا، یەکێک لەو کەسانەی دوای کەوتبوو، چوویە ناو کۆمەڵە مسوڵمانەکەوە**

و هاواری کرد: "هۆ خەڵکینە، شێخ جەلالەدین کە هەموو رۆژێ بۆ نوێژ لە خزمەتیدا دەبین، چوویە گەڕەکی مەسیحییەکان و شەرابی کڕی"

پیاوەکە لەو کاتەدا تورەکەکەی لە دەستی مەولەوی رفاند و خەڵکەکە شوشە شەرابەکەیان بینی، ئەوانیش دەستیان کرد بە سەرکۆنەکردنی: "ئەم مونافیقە کە بانگەوازی زوهد و تەقوای دەکرد وا ئێستا شەرابی کڕیوە و بۆماڵەوەی دەباتەوە"

هەندێکیان قسەی خراپیشیان پێ وت ، هەتا تەواو لێی نزیکبوونەوە و مێزەرەکەی کەوتە خوارەوە، خەڵکەکە کاتێک دەیانبینی مەولانا بێدەنگ و هیچ هەڵوێستێکی نیە یەقینیان لا دروست بوو کە مەولانا تەمەنێکە ئەوان هەڵدەخەڵەتێنێ و بە ناوی تەقواوە ئەوانی فریو داوە و بڕیاریاندا کە هێرش بکەنە سەری و تا ئەوەی کۆتایی بە ژیانی بهێنن.

لەو کاتەدا شەمسی تەبریزی لە دوورەوە هاواری کرد: "هۆ خەڵکینە، شەرم ناکەن وا لە پیاوێکی لە خوا ترس دەکەن و تۆمەتی شەرابخواردنەوە بۆ هەڵدەبەستن، ئەو شوشەیەی ئێوە دەیبینن شەراب نیە، بەڵکو سرکەیە، چونکە رۆژانە لەگەڵ خواردنی خۆیدا تێکەڵی دەکات"

ئەو کابرایەی چاودێری مەولانای کردبوو: " نەخێر سرکە نیە و شەرابە"

شەمس شوشەکەی کردەوە و سرکەکەی کردە ناو دەستی ئەو کەسانەی لەوێ وەستابوون ، بۆ هەموویان دەرکەوت کە شەراب نەبووە و سرکە بووە! شایەتەکەش هاواری کرد و کێشای بە سەری خۆیدا و خۆی خستە بەر پێی مەولانا و خەڵکەکەش هەموو دەستیان کرد بە ماچکردنی دەستی و داوای لێبوردنیان لێکرد..

مەولانا رووی کردە شەمسی تەبریزی و پێی وت: بۆچی ئەمشەو وات لێکردم، تووشی چی رووداوێکت کردم، کە ناچارت کردم وا ئابرووی خۆم ببەم!؟ شەمس وەڵامی دایەوە: بۆ ئەوەی کە بزانی ئەوەی کە پێوەی دەنازی، تەنها سەرابێک زیاتر هیچ نیە، تۆ وات دەزانی خەڵک زۆریان خۆش دەوێی و ئیحترامت دەگرن، وات هەست دەکرد، ئیحترامی خەڵک سەرمایەیەکی گەورەیە بۆت، بەڵام بینیت، کە تەنها بە گومانی شوشەیەک شەراب خەڵک چییان لێکردنی و نەفرەتیان لێکردی، باش بوو تۆشیان نەکوشت، ئەمە سەرمایەکەی تۆ بوو کە پێتەوە دەنازی !؟ کەواتە بزانە کە دەبێ پشت بە شتێ ببەستی کە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی بارودۆخی ژیان لە ناو نەچێت!

# بڕیارەکانی حکومەت!

"هەر دەستبەسەرکراوێک دە کەس لە موسوڵمانان فێری نوسین و خوێندنەوە بکات ئازادە!"، ئەمە فەرمایشتی پێغەمبەری ئازیزە (د.خ) لە شەڕی بەدردا. باشە بۆ نەیفەرموو هەر کەسێک مزگەوتێک بکاتەوە! چونکە دەیزانی رازاندنەوە و شکۆمەندبوونی مرۆڤێک لای خوا لە ماڵی خواش پیرۆزترە.

- باشە دوو مانگە مزگەوتەکان و قوتابخانەو زانکۆکان داخراون، خۆپیشاندان و کەمپین و ناڕەزایی جیاوازمان بینی بۆ کردنەوەی مزگەوتەکان، بۆچی کەس دەنگی لێوەنایەت بۆکردنەوەی قوتابخانەو زانکۆکان؟ مامۆستایانی ئایینی دەستیان خۆش بێ داواکاری کردنەوەی مزگەوتەکان بەرزدەکەنەوە، بەڵام ئەی بۆچی مامۆستایەکی قۆتابخانە و مامۆستایەکی زانکۆمان نەبینی خۆپیشاندان بکات بۆ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان؟ هەرگیز ئەو مافە بە خۆت مەدە پێت وابێ مامۆستایەکی زانکۆ لە مامۆستایەکی مزگەوت رۆشنبیرتر و کراوەترە بۆ قبوڵکردنی "بڕیارەکانی

**حکومەت" ئەوە باسێکی جیاوازە، بەڵام خۆ مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکانیش زۆرینەیان ئەهلی نوێژن و باش دەزانن کارەکەیان لە ناوەندەکانی خوێندندا عیبادەتە، بەڵام ئەم بێدەنگییە تێنەگەشتنە لە کرۆکی خواپەرستی وعیبادەتەکان!**

# عەشق لە نێوان خوا و بەندەدا!

ڕۆژوو پێش برسیکردنی جەستە بۆ وشککردنەوەی ڕۆحە لە تەڕوتوشییەکان، کاتێک ڕۆح شێ دەکات و ژەنگ دەهێنێت، پێویستە وشک بکرێتەوە، جا ساڵی جارێک بە فەرزی و دەیانجار بە سوونەتی ڕۆژوو دەبێتە سارێژی ڕۆحە شێدار و ژەنگ گرتووەکان، ڕۆژووەوان دەشێ بزانێ ڕەمەزان فرسەتە تا نهێنیە گەورەکەی تیا بدۆزێتەوە، کەئەویش دۆزینەوەی خودە بنەڕەتییەکەیە.

بۆیەش جیاواز لە هەموو عیبادەتەکانیتر، رۆژوو باڵفڕکەی ڕۆحە، یانی تەجەلابوونی ڕۆحە تا لە تاریکستانی بەدواخۆگەڕاندا زیاتر بدرەوشێتەوە، وەک چۆن لە تاریکیدا چاو داخرابێ یان کرابێتەوە جیاوازی نیە، وەک دەوترێ لە تاریکیدا تا دەتوانن چاوتان داخەن چونکە هیچ ناگۆڕێ.

رۆژووەوانی برسیش ئەگەر نەتوانێ نهێنیە خودییەکە بدۆزێتەوە، هەر برسیەتییەکەی بۆ دەمێنێتەوە، بۆیەش با ڕەمەزان بە وردکردنەوەی زیاترەوە ڕۆحمان وشک بکاتەوە بۆ ژوانێکی تەڕیتر و گیانمان بکاتەوە بۆ وەرگرتنی نورێکیتر

و دڵمان بکاتەوە بۆ وەرگرتنی عەشقێکیتر، بەڵێ دڵ هەتا عەشقی سەرزەوی تیا نەبێت، ناتوانێ جێگا بۆ عەشقی ئاسمانی بکاتەوە، تۆ کە مەخلوقێک نیە لە دڵتا چۆن دەتوانی دڵ بۆ خالق بکەیتەوە؟

# خواپەرەستی بە بێ مزگەوت!

ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە، ئەگەر لەبەر مزگەوت خواتان دەپەرست ئەوە مزگەوت داخراوە، بەڵام ئەگەر خوا لەبەر خۆی دەپەرستن، ئەوا خوا لە هەموو شوێنێک و هەموو ماڵێک و هەموو دڵێکدایە!

کاتێ پێغەمبەر گیان (صلی الله علیه وسلم) کۆچی دواییکرد، ئەبوبەکری ڕاستگۆ ئەو ڕاستەقینەیەی وت کە ئازاری تاڵترین هەواڵی مێژووی پێ ساڕێژ بکات: "ألا مَنْ كان يعبد محمداً *صلى الله عليه وسلم* فإن محمداً قد مات، ومن كان يعبد الله فإن الله حي لا يموت"

# کە ڕەمەزان دێتەوە!

سەیری ڕەمەزان بکەن، وا دێت، قدومێکی شیرین، بە دەم شنەبای بەیانەوە، بۆن هەڵمژن و جوانی بپرژێنن. ڕەمەزان لێرەیە، نزیکتر لە رۆژانیتر، نزیکتر لە ساڵانیتر... رەمەزان لێرەیە بە تەنیشت تەوەننمای عومرەوە، بەتەنیشت دانڵای کۆترەکانەوە، بە دەم خوڕەی ئاوی دەستنوێژەوە، تەقەی پیاڵەکانی پارشێو بە هەناسەیەکی ماندووی دوعاوە، بە چرپنی ئاوازێکی موناجاتەوە... رەمەزان لێرەیە بارانێک بۆ تینویەتی و شنەبایەک بۆ لەرینەوەی شەکەتی جەستەکان، شەماڵێکی بۆنخۆش، بە بۆنی هەزاران ئاواتی دوور، بە رەنگاوڕەنگی رۆحە رەش، سوور و سپیەکانی سەرزەوی. ڕەمەزان لێرەیە ... سوکنایی دەهێنێتەوە بۆ دڵە ماندووەکان و باڵای بەرزی دەستەکانیش بۆ ئاسمان... ڕەمەزان لێرەیە نزایەکی نزیک بۆ دڵێکی دووری ماندوو، خودایە ژیانمان بە شیرینی خورمایەک بسپێرە!

ڕەمەزان چێژەکەی لە پێکەنینی منداڵێکەوە دەست پێدەکات، بە دەم هەستان پۆ پارشێوەوە قاقای منداڵێک

دەیگرێتەوە، رەمەزان با دڵخۆشی بهێنێتە ناوماڵەکان، تەقە لە دەرگای هەموو ژوورەکان بدەن، سفرەی پارشێو با یەکەم کۆبوونەوەی دڵخۆشی ئەندامانی خێزان بێت، منداڵەکان بە پارشێودا زۆر شیرینن، بهێڵن با قاقا لێبدەن، با لە دڵیانەوە بەرەکەتی گۆڕینی دەموچاوە توڕەکانی ئێمە ببینن، پارشێو نان بخۆن، ئاویش بخۆنەوە و رۆحیشتان بە پێکەنینی منداڵێک و چوار نزای خێر تێر بکەن.

# بەهارێکی تەنیا!

لەو بەهارەش قەت خۆش نابم،

ساڵی جارێک،

لە پاڵ منا پێی گرتبێ

بۆنی گوڵ و جوانی ئێرەی

بۆ شوێنێکیتر بردبێ!

زانو تۆ وەرگەو ئینەیچ گێری، نا نازی بێنازی بێلاتەرە، پیری بەڵاو گیانین، نازی خڕەو خڕخاڵەکات کز و سیاوی کلەکەیت کاڵ و دلێ چەمای رۆشنیت لۆچ کەرۆ، نازی هیچ بەرێوە بێ تۆ کریۆوە و هیچ گەڵێوەیچ بێ مەکرو تۆ پی دنیا بێ معێبەتێرە گنۆرە وار، ئاخر خۆ هەڵای واران چۆڕش نامان، هەڵای هەور قرخێتەرش پەنە مەنەن، هەڵای عاسمانیچ تاقەتش هەن جار جار دلێ چەما بڎۆ پێوەرە.

واچە گردی، ئاویر نەکریۆوە، وێولەوارانێچ نەکێشا حەوایرە، زارۆڵەکێ کۆلارەکایچ تا لاو هەوری نەفڕنا، دووکەڵیچ نەلۆ کەشارە، ساجە بۆریچ قرچەش نێ و قۆریە سیاوەیچ قوڵتێ نەڎۆ، وەهار هەر مێ، دڵمانە هەمیشە سەوزو گیانمانە هەمیشە سەوز و عەشقو ڕاو هانەیچنە کە دەسما کەوت هەر بە سەوزی گێڵنمێشۆ.

من مەزانوو چنیتر وەرگەو پیری گێرمێ، بەڵام زانوو حەتا مەردەیچ وەرگە گێرمێ، گرد بەیانییێما رێحانە و گرد چاشتنگێوەما سورهەراڵە و گرد نیمەڕوانێوە بووەوەشە و گرد عەسرانێ بەرزەڵنگ و گرد وێرەگانێوە چنوور و گرد نیمەشەوێچ تا خوا حەزکەرۆ بووەی وەشە هەن دەیمێش دەمو ئی وەشپەنەکەوتەیماوە.

قەرەنتینە با هەر بۆڵەش بێ!

# پیاسەیەکی پیر!

سەرنجێ بەن، مەلوولی لە چواردەوری ژیانەوە گڤەی دێ و خەیاڵ بەرەو وەرەگەلەی تەمەن ئەیباتەوە، دێڕی حەسرەت کتومت دەڵێی لە روکنی گۆلێکی ئەم عەسرەیا چەقیوە و چاوەڕێیە میراوەکە ئەمشەو دەلێن بەرداتەوە، هەمیشە خواستنەکە هیوایە و وا دەبێتە چەنێکیتر و شریتی رووداوەکانی عومرێکی دوور، عومرێکی پێکەوەیی و پیاسەیەکی سەنگینی دەورانێک لە گەنجی و معێبەتێکی ناوازە، دەبێ چەن کاردەوەژەی گوێزە کوێرەکانی ئاسان کردبێتەوە و چەن پوازی لە دار تووەکەی سەرئێشەکانی رۆژگار چەقاندبێ، چەند شەوچراوی لە ئەشکەوتە تاریک و پێچاوپێچکانی ئەم پێکەوەبوونە بە وەرەدۆشێک کۆتری دڵخۆشییەوە بە رۆژ سپاردبێ و چەند پەلەپیتکەی لەسەر دڵی کەڵی ئارەزووەکان چروک کردبێ، ئەم پیاسەیە لە سەردەمی تیک تۆکایە و وا بەسەر پردی سیراتێکی عەشقەوە تەنیایی ڕەنگین ئەکاتەوە!

- وێنەکە ژن و پیاوێکی پیر پیاسە دەکەن.

# باران!

بارانی ئەمشەو بۆن کەن، خۆتان بدەنە بەر دڵۆپەکانی، چەترەکانتان کۆکەنەوە، دەست مەکەنە چەتری چاوەکانیشتان، چاوتان بشۆنەوە... چیە با کۆرۆنا هەبێت و کەرەنتینەش کرابین و وا سێ هەفتەش بێ دەرەوەمان نەبینیبێت، بەڵام ئێوە مەوەستن، هەستن بڕۆن و بارانی ئەمشەو بنۆشن، ریگە بەن، شەبەکەی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفۆنیش بوەستێ، بهێڵن تەرزە بکەوێتە سەر تەلەفزیۆنەکەتان.

بارانی ئەمشەو بارانی زستانێکی سارد نیە، پەنجەرەکانتان بکەنەوە، دەرگاکان بە کراوەیی جێبێڵن، شنەبایەکی رەنگینی لەگەڵە، بەم نیوەشەوە بارانە و چاوی من و رەنگی ئاسمان و بۆنی زەوی و دەنگی دڵۆپەکان و تەقەی سەربانەکە پەلکەزێڕینەیان نەخشاندووە. بارانی ئەمشەو تام کەن، لە تامی ڕەنگیینترین لەحزەکانی ساڵ ئەچێ!

# حەسرەت!

"تەلەفۆنم بۆ کراوە ئەڵێ: من رۆژانە مقەبام کۆکردۆتەوە و بەوە ژیاوم! ئێستا چی بکەم؟" قایمقامی سلێمانی بە گریانەوە وای وت.

دەی هاوڕێی بەڕێز وا مەزانە هەموو کەس وەک تۆ بەشی مانگێک ئازوقەی لە ماڵەوە خەزن کردووە، سەرنج بدە و حسابێکی کورت بکە خێزانێکی چوار نەفەری رۆژانە پێویستی بە زیاتر لە دە هەزار دینار هەیە بۆ خواردن، دەی ئەمە چۆن دەست بخات؟ لە کوێ بیهێنێت؟ چۆن نازی منداڵەکانی بکێشێت؟ چۆن سکی منداڵەکانی تێر بکات؟ چۆن سفرە ساردەکانی گەرم کاتەوە؟ چەند سەختە مرۆڤبوون!

# کەرەنتین!

برایانی بەڕێز، دەستان خۆش و سپاس کە لەماڵەوە دەمێننەوە؛ خوشکانی بەڕێز سپاس لە ماڵەوە پێشوازیت لە مانەوە کردووە.. بەڵام تکایە ئاگاداری خۆتان بن، لە چین پاش دەربازبوونیان لە -کۆرۆنا- خواستی جیابوونەوە (طلاق) زۆر زیادیکردووە .. ئاگاتان لە دڵی یەکتر بێت، هەموو شتێ بشکێنن بەڵام دڵی هاوسەر و منداڵەکانتان مەشکێنن، شتەکان چاک دەبنەوە بەڵام دڵەکان ژەنگ دەگرن.. تکایە بە رێز و خۆشەویستییەوە ئەم کەرەنتینەیە تێپەڕێنن، با دوای ئەم ماوەیە سەفەرێکی پێکەوەیی رێگاتان بێ نەک دادگاو مامۆستای ئایینی و جیابوونەوە!



# کۆرۆنا و کەرەوز!

بارانێکی باش دەبارێ، خێزانم دەڵێ ئەگەر بچی دەسکێک سڵق و دەسکێ کەرەوزم بۆ بێنی بەیانی یاپراختان بۆ ئەکەم، من جگە لەوەی گۆشتخۆرێکی زۆر باشم، کەم ژەم هەیە بە بێ سەوزە تێپەڕێنم، جا بیلمۆناسەبە کە سەوزە لەسەر سفرە هەبوو، خواردنەکە هەرچی بێ، من سێ پارووی سوونەتی نان و سەوزە هەر دەخۆم، کاک حەمە واتەنی بە قوربانی سوننەت بم.

تامی یاپراخی تون و ترشی خاتوون، هەڵمئەپێچێ بەرەو شەقامە سەرەکیەکە، نیەتم لێ هێناوە بە ڕۆشتن وهاتنەوەوە چارەکێکم پێ بچێ، ئاخر بە حسابی خۆم، مارکێتەکە نزیکە، ماسێک دەبەستم و ئۆتۆمبێلەکە لە ماڵ دەردەکەم، کەشی باراناوی و نەوا دڵنشینەکانی شەجەریان لە ناو سەیارەکەوە دونیایەکی جوان ئەهێنێتەوە دڵ و ئاوای ئەکاتەوە. ئاریان سیدیەکەی شەجەریانی داناوە، تۆزێ رووشاوە و قرخەقرخێکی لێوە دێ، دەڵێی سیدیەکش

ئەزانێ پاشا خەریکە پیر ئەبێ، و لەسەردەمی کۆرۆنادا قرخەیەکی بۆ زیادکردووە.

بەدەم ڕێگاوە، چاوم ئەخەمە سەر شەقامە سەرەکییەکە، ئەرێ قەرەباڵغییەکی سەیر هەیە، تۆزێ خوراتر، چەند ئۆتۆمبێلێک بە موخالف ڕایانگرتوە، لە نزیکترین سوپەرمارکێت نزیک دەکەومەوە، هەی هوو، خۆ مەجال نیە سەیارە ڕاگری، وەڵاهی دەڵێی شەوی جەژنە، ڕەت ئەبم و بەرەو مارکێتێکیتر خل ئەبمەوە، هەمان بەزم، قەرەباڵغییەکە زۆرە، خۆ ناکرێ بۆ دەسکێ سڵق خۆم بخەمە ئەم ئیزدیحامەوە، یاپراخ هەر ناخۆم، بچمە ناو ئەو قەرەباڵغیانە و توشی کۆرۆنا بم و لە گوێچکەی قەبر نزیک ببمەوە، دوایی پێم دەڵێن شەهیدی یاپراخ.

لە یوتێرنەکەی خوارتر دەسوڕێمەوە و ڕێگای ماڵ دەگرمەوە بەر، لە دەستی ڕاستی شەقامەکە چەند ئۆتۆمبێلک میوەفرۆشی رایانگرتووە و وەک پوورەی هەنگ دەورەیان دراوە، تۆزێ ئەولاتر چەند ئۆتۆمبیلێک وەستاون و دوو پیاو هەریەکە و شەبەکەیێ پیاز و شەبەکەیێ پەتاتەیان داوەتە بن باڵیان و بەرەو سەیارەکانیان دەڕۆن، ئۆتۆمبیلێکی میوەفرۆش سەوزەشی هەیە لائەدەمە لای، کاکە سڵق هەیە، ناوەڵا مامۆستا خەلاس بوو، یا رب العالمین، نەکا هەموو خێزانەکان بڕیاریاندا بێ سبەی

نیوەڕۆ یاپراخ بخۆن، ئەودیوتر دەچمە میوەفرۆشێکیتر برا سڵق هەیە، وەڵا یەک دەسک ماوە، بەرزی دەکەمەوە دەڵێی تاپڕی پیا تەقیوە، مێش کونکونیان کردووە، خوایە شوکر بە بەشت. ئەم یاپراخە گۆبەنێکمان پێ ئەنێتەوە.

جا چیرۆکی یاپراخ لای ئێمە فلیمی زۆرە، لەگەڵ ماڵی کاکم و کاک مەلاوریا و رەزا هەورامی لە بناری قەندیل شەوێک لە ژێر بەفر ماینەوە، بەیانی زوو خاتوونەکان یاپراخیان دەرخوارد داین. تومەز ئێوارە دوو مەنجەڵیان لێناوە، بەو بەیانییە زووە هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکرابوون، ئێمە یاپراخمان خوارد. کە لە قوبرسیش بووین، نەوسی یاپراخ لەگەڵ م. فەهمی چەمچەماڵی هەڵیپێچاین و چووینە حەوشە پیرژەنێکەوە و عەلاگەیەک گەلامێومان لێکردەوە، دوایی تەقەمان لە دەرگادا پارەی بدەینێ، بە سوعبەتەوە وتی تازە دزیوتانە پارەی چیم ئەدەنێ، "نۆشتان بێ ئێوە نەیبەن هەروا خراپ دەبێت، خۆ من کەس نیە بۆم لێکاتەوە!.

نیەتی لێ ئەهێنم کە نەیکڕم، رێگاکە دەگرمەوە بەر، ئەمجار ئۆتۆمبێلێک سەرنجم ڕادەکێشێ کە بەس سەوزەی پێیە، لێی نزیک دەبمەوە، مامە سڵقە هەیە؟، بەڵێ، سڵقی ئاوی خاوێن هی قوشتەپە، شوکری خوا دەستم کەوت. دوو دەسکی لێ دەکڕم، ئەی کەروەز مامە؟ وەڵا نەمایە

مامۆستا، دەسکێ پونگە دەکا بە ناو سڵقەکاندا و دەمداتێ، ئەڵێ ئەوەیان لە جیاتی ئەوەی عەلاگە نەماوە، جا کوردی خۆمان زۆر خۆش پینەو پەڕۆ دەکات، چل جار لەبەر ئەوەی وردەی نەبووە، کابرای دوکاندار بنێشتی خستۆتە ناو عەلاگەکانمەوە، سا منیش بمرم و بنێشت نزیکم نەکەوێتەوە، دەڵێم کاکە دایمەنێ، گەردنت ئازاد بێ، ئەڵێ نا بەخوا چۆن شتی وا دەبێ، منیش تۆزێ دوور ئەکەومەوە دەوەستم و لە ناو عەلگەکاندا بنێشتەکان دەردێنم و فڕێی ئەدەم.

شوکر سڵقم کڕی، یەڵا کەرەوەز نیە خۆ دنیا کاول نابێ، گومانم نیە لەماڵەوە وشکمان هەیە، چونکە هەرچی سەوزە هەیە ئێمە بە وشککراوەیی هەمانە، ئیشەڵا کەرەوزیشی تیایە، دەکەومەوە ڕێ، لە ماڵەوەنزیک دەکەومەوە، سەیارەیەکیتری سەوزە ڕام دەگرێتەوە، ئەم کەروەزەش بەزمە ها، دادەبەزمەوە، برا کەرەوز هەیە، بەڵێ مامۆستا ئەوەتا ئەو سندوقەیە، لێی نزیک دەبمەوە کاکە جا ئەمە کەرەوزە یا مەعدەنوس؟، کەرەوزە، خوایە شوکر بە بەشت وەرە بەم باران و تاریکییە ئەمانە جیا کەرەوە، دەی وەڵا وەزیری کشتوکاڵیش کەروز و مەعدەنوس جیا ناکاتەوە، چ جای منێکی عەینەک لە چاو، بەم شەو و بارانە، دەسکێک هەڵئەگرم، لێی ورد ئەبمەوە، کاکە ئەمە کەرەوز نیە، ژنێک

لەولاوە دەڵێ برام، دڵنیابە کەرەوزە، یەڵا کۆرۆنایە با ئەوەندە بە کەرەوزەوە نەمێنمەوە، هەڵیدەگرم و بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە، جا فلیمی خۆش ئەمەیە، خێزانم ئەڵێ وەڵا پیاوەکە ئەوە مەعدەنوسە، دەی توخوا ناهەقم بوو، دڵنیام دوای کۆرۆنا حکومەت پێشبڕکێیەک بکاتەوە بۆ جیاکردنەوەی کەروەز و مەعدەنوس دەبێتە قەزیەی ساخنەی ساڵ.

شوکرم بە بەشت خوایە، ئەم کوردە بۆ دەبێ هەر خەمێکمان هەبێت، لە هندستان کەرەوز ئەوەنەی بیبینگایەک باڵابەرز بوو، جا گەڵاکانیان لێدەکردەوەو ساقەکانیان دەخوارد، کەچی کەروەزی ئێمە ئەوەنە عەجایبە مەعدەنوس بووە بە ملۆزم بۆ گیانی.

جا ئەگەر خواکردی و ماین، سبەی نیوەڕۆ ئێمە یاپراخی سڵقی توون و ترش ئەخۆین، ئێوەش دانیشن بەخێر، گوڵەبەڕۆژەو چاتان لەبیر نەچێ، خوا هەموولایەک بپارێزێ.

# مانەوە لەماڵەوە!

**لە ماڵەوە دانیشن؛ دڵخۆشی و خۆشەویستی بپرژێننە ژیانی خێزانیتان، لەگەڵ منداڵەکانتان یاری بکەن، کتێب بخوێننەوە، سەیری فیلم بکەن، شیعر بنوسن و چای گەرم بخۆنەوە، هەموومان شیاوی پشوویەکی ئارام بووین، وا خوا ناردی، بیربکەنەوە و دەرفەتی گەورە بۆ ژیانتان بخولقێنن، هەمووما دەزانین چۆن بۆشاییەکان پڕ بکەینەوە، خوا بمانپارێزێ!**

# هەورامان!

بیەش پۆرە، ئەجۆ وەیوەنە وێش رازنانۆ و ئەجۆ شەوەی وەشەشنە کەیفش سازا، بیەش پۆرە ئەجۆ دەمو مانگێوە وەربیەن و رووەو نورستانی ئامان،... تامێ وارانی نەرم، خەرمانێوە وەروەوی چەرمێ، چوار گەڵێ لتێ زەردێ، مشتێ مەژگەو و دوێ قاژێ هەنجیرێ وشکێ، تیکێ لەپۆرتی و بووەو چاشتەو وێرەگای، پوزەوانێ تەڕێ و قاچێ تەزێ و سۆبەی سیاو، ... بەهەشت بە تامو زەمینی، بەهەشت بە رەنگەو عاسمانی.

هەورامان، یانی وێش و پاییزێ تەڕ و زمسانێ سەرد و هامنێ مەست و وەهارێ سەروەش، هەورامان یانی چەتفێوە و کوڵەوانێوە و هەورییێوە ناسک .. یانی لاجانگێ هەچکوچی مێوە تەرزە لارەکەی باخو مزگی، یانی هەنارێ دەمترەکی ساڵەخانی قوڵتانەکێ دەگاکۆنێ، هەورامان بەهەشتێوە خوای چوو سەرۆ و وەتەنێوە من چی وارۆ!

# لاشیپانەکە مێخەکرێژ کەن، هاوڕێ!


بە بیری هەموو ئەو دەنکە گوڵەبەرۆژانەی تروکاندمان و بە نەغمەی ئەو هەموو ئاوازانەی قوڕگیان شێلاین و بە شیرینی ئەو هەموو دەنکە توانەی چۆڕاویان داچاند و بە پێکەنینێکی بەرز و بە مێژوویەکی سپی و بە مەتارەیەکی پاراو و دروشمێکی زەقی خۆپیشاندان و بە بەیاننامەیەک کورە چوزانم بە خوێندنەوەی بەلاغێک و جارێکیتریش لێدوانێک، من هەر حاجییانە خەریکی رێ کردنم. تا دێت چڕە دوکەڵی پەمەیی رەنگمان ئەکا و تا دێت پاسارییەکی لاسار دانولەیەکی نیوەکوڵاومان بۆ هەڵئەدات، مەگەر مرۆڤبوونمان لەم حەکایەتان زیاتر چی ئاگردانێکی گەرم کردۆتەوە!؟

هەر بەردێکی ئێرە هەوارێک و هەر خشتێکی ئەوێ کەنیسە بێ هێشتاش هەر ماتڵی رشانەوەی مەراقی ئەو کۆترەم ناز بەسەر هەرچی شتایە ئەیکا.

لەو هەموو تەشەرانەی کە ئەیدەن و لەو هەموو قاقایانەی رەنگیان ئەکەن من هەر ورە و هێز و جەربەزەییم لێ سەوز

ئەبێ و ئێوە بە تاقی تەنیاش ناچنەوە ژێر هەیوانی هیچ معێبەتێکی بێدەنگ.

لاشیپانەکە مێخەکرێژکەن، هاوڕێ .. لێرە ژیان ماڵێکە و نەک دەرگاکەی، خۆشی وا بە کۆڵی تەقدیسکراوی ئاخناتونەکانی مۆدێرنەوە، مێخەکەکان سادە سادە بکەنەوە، نە سێو بخەنە باخەڵیان و نە چەتفەیان پێ بڕازێننەوە.



# مەرحەبایەک بۆ مانەوە!

لە هەموو جەنجاڵییەکاندا هێشتا بایی مەرحەباییەک مانەوە و بایی نیگایەک چاو و بایی خەیاڵێک شیعر ماون بۆ ریزبوون، ئاها خۆیان داوەتە ریزبوون لە ژێر تابۆ فەرهەنگییەکان، من دەزانم یاقوت لێرە نادۆزرێتەوە و قارچک لەسەر بەرد هەڵناتۆقێ و حەکایەتیش تەنیا لای ئاگردانەکان قەدری خۆی ئەدۆزێتەوە .. بیرم لای ئەو هەموو دێڕانەیە نوسران و وەک نوسەرێکی نائاشنا بوومە خاوەنیان و خوێنەرەکەش هەر نائاشنا مایەوە، بیرم لای هەموو ئەو هەنگاوانەیە نران و ئەو هەموو پوتانە دڕان و هێشتاش رێگاکە هەر نەبڕاوەتەوە ... ئاخر ئاو هەرگیز لە بێژنگ نادرێ!

# کە ئەو دێ!

هەموو کەسەکان دەناسێت، هەموو جێگاکان دەناسێتەوە، سەر لە ماڵی هەمووان ئەدا، پیاسەکان شیرینتر و دیدارەکان نەرمینتر و ژیانیش رەنگینتر ئەکا، کە دێ ئیتر ئاشنایە! کە دێ زەهرەکان هەنگوین و خەفەتەکان خەمگین و دڵشکاوییەکان دڵنەواز ئەنەخەشێنێ.. کە دێ هەر خۆی و تەنیا و بەس، شار پڕ لە بۆن و ماڵ پڕ لە گروگاڵ و دڵ پڕ لە مەستی ئەکا! چ نیانە کە دێ، چ پێویستە بۆمان و چ دڵرەقییەک ئەخات بەر لافاوەوە ... چەترەکان ئاوەڵا ئەکا، ئیتر سەرناکەینەوە بە یەخەی چاکەتەکانمانا، ئیتر پەنجەتوەتەکان ناخەینە دەممانەوە، ئیتر سێ تاڵە قژەکەی پێشەوەمان لوول نادەین، کە دێ ئیتر وڕک نامانگرێ بە خەیاڵێکی دوورەوە .. کە دێ ئیتر ناچینەوە سارای، کە دێ ئیتر کە چاو ئەبڕینە ئاسمان دەستەکانمان ناکەینە چەتر .. دڵۆپەکانی باران ئەژمێرین و چاو ئەدەینە چاوەڕوانی ڕەنگینکەمان!



# پاچەکۆڵە و بژار!

لە کۆتایی ساڵ نزیک دەبینەوە و بۆ من دوو جار جێگای بایەخە، جارێک دەگەمە سی و چوار ساڵی کە ئیتر ئاماژەی زۆر هەڵدەگرێ و جارێکیش دەگەینە کۆتایی دەیەی دووەمی سەدە، لە ئێستاوە وردە وردە تاوتوێی پلانەکانم بۆ ساڵی نوێ دەکەم، بەڵام ماوەیەکە بابەتێکی تایبەت لە مێشکما تۆخ بووەتەوە و بریسکەی دێ، ئەویش "موراجەعە"یە، خوا فرسەت با، موراجەعەی زۆر شتە لە ئەلفەوە تا یاء، هەندێ شت هێزێکی زیاتری دەوێ، هەندێک ئـاوڕشێن، بڕێکیش پاچەکۆڵە و بژار، زۆر شتیش هەیە پێویستە وشکی بکەین، بەڵام لە هەموو گرنگتر ئەوەیە چیمان پێدەکرێ درێژەی پێبدەین و ناوی بنێین چاکەی گشتی .. ئەمەم بۆیە نوسین بیرخەرەوەیەک بێت بۆ هەمووان، کە بسم الله لە پلانەکانتان بکەن بۆ ساڵی نوێ و ئامانجی روون و واقیعی دیاری بکەن.

# قوربانی بکەین یان نا؟

قوربانی جگە لە ئەرکە ئاینیی و ئیسلامییەکەی لە پوختیدا بە مانای "تێپەڕاندن" دێت، تێپەڕاندنی بەرژەوەندییە نەفسی و شەخسی و تایبەتییەکان بۆ ئەوانیتر لە پێناو ئەودا، ئەگەر پاش دەیان سەدە، هێشتا قوربانی بە زیندوویەتی ماوەتەوە مانای ئەوەیە رۆژ دوای رۆژ ئێمە زیاتر پێویستمان بە قوربانیکردنە، بەرلە هەر شتێک بۆ کوشتنی "ئیگۆ"ی ناخمان، ئەوەی خۆمان پێی دەڵێین نەفس؛ -ئەگەر عیزەتی نەفس ئەوە بێ کە چاومان بەحەواوە بێ و کیبر و خۆبەزلزانین داگیری کردبین، ئەگەر لاموبالاتی و بێ مروەتی بێ بەرامبەر بە پێداویستییەکانی دەوروبەرمان، ئەگەر کەڕوکاسیمان بێت لە ناعەدالەتی تاسەر ئێسقان، ئەگەر نابیناییمان بێت بەرامبەر بەو هەموو لادانە فەرهەنگی و کلتورییە، ئەگەر درودۆنگیمان بێت بەرامبەر بە ئەرکی سەرشانی مرۆڤبوونمان، ئەگەر درێژەدان بێت بە ناباشی و ناتەندروستیە رۆژانەییەکان، ئەگەر چاوچنۆکی و چاوتێبڕین بێت لەوەی ئەوانیتر هەیانە، ئەگەر خووگرتن بێت بە بەدفەساڵی و مونافەسەی

ناشەریفانە و پاشقوڵ لە یەکترگرتن، ئەگەر راهاتن بێت لە جنێو و تەشهیر و تەخوین و بەشەیتانکردنی بەرامبەرەکانمان، ئەگەر قڕوقپی بێت بەرامبەر بەوەی حزبەکانمان دەیکەن و دەیشەرعێنین بۆیان- ئایا ئامادەگی تەرککردنی ئەم خوە ناپەسانداندانەمان هەیە کە ئامادەی قوربانیدان بین؟، دەی ئەمەی ئەسڵی لەخۆبوردن و تێپەڕاندنە، باوکمان ئیبراهیم -علیه السلام- ئامادەی تێپەڕاندنی بەشێک بگرە هەموو ژیان و گیان و ڕۆحی خۆی بوو، چ جای خووەکان و شتەکانیتری، دەی ئیبراهیبوون و شوێنکەوتوی ئیبراهیم یانی لەخۆبوردن و تێپەڕاندن، قوربانی کەڤاڵی زیندووکردنەوەی کۆمەڵگەو تەندروستیترین شۆڕشی کۆمەڵایەتییە بۆ بەرپاکردنی عەدالەتی راستەقینە کە خوای گەورە لە پێناویدا پەیامەکانی کردە بەرپرسیارییەتی پەیامبەرەکان!

# نەک هەر من، شاریش غەریبیت ئەکا!

هێندەی بێدەنگی شار و هێندەی چۆڵی کۆڵان و هێندەی تەنیایی شەقامێک کە خووی بەیاریکردن بە گەڵا وشکەکانەوە گرتووە، هێندەی بێ مەیلی جۆگەڵەی قەراخی شۆستەکە کە پڕە لە هەرچی تۆ ئەیزانی، هێندەی بێ مروەتی ئەو شۆفێری تاکسییەی دای بەزاندم و نەیوت خوات لەگەڵ، من باڵای ئەو چنگەپشیلەیەم گرتووە کە بە دیواری بینای کۆنی قوتابخانەکەوە ئاڵوسکاوە.

هێندەی ئارەزوویەکی دوور، هێندەی خەیاڵێکی قووڵ، هێندەی ونبوون لە ناو ئەو فیلمەی پێکەوە تا کۆتایی نوتق ئەمانگرێ، هێندەی هەرچی تۆ ئەیزانی، من ڕەنگی ئەو بێ ڕەنگییەی سەر ئەژنۆی کابۆکانی ئارینم گرتووە کە ئێواران دوای سەعات حەوت بەرەو ماڵ خل ئەبێتەوە.

تۆ گۆشتی چۆلەکەت کرماندووە بە دانەکانتا، تۆ تامی سێوی تازەت بیر ماوە، تۆ تینوویەتیت بە پەرداخێک شەربەتی شاتووی سەرگەت شکاندووە، تۆ دەموچاوت بە ئاوی زەڵم شۆردووە، تۆ لە کا م قەراخی دەریادا قاچەکانت

لە ناو لمدا خنکاندووە؟. من ئاوڕشێنی دڵم بە تامی ئەو هەنجیراوە ئەدەمەوە ڕۆژێکی گەرم نۆشیمانەوە!

لەم هەموو ئەمسەر و ئەوسەرەی دونیاوە، نەک هەر من، شار بۆت ئەبۆڵێنێ و کۆڵان هەرایەتی و سەروسوچیماڵەکەش غەریبیت ئەکەن! دڵ غەریبیت ئەکا، ئەی دڵ!




# سابوری!

سەرەتای زستانی ٢٠٠٥ و ساڵی یەکەمی زانکۆمانە، داخلی ئاسنگەرەکانی ناو بازاڕی کەلار، خۆر خەریکە ماڵئاوایی ئەو ڕۆژەمان لێدەکات، بە قادرمەکانی بەینی دوکانی ئاسنگەرەکانا سەردەکەوم، هێشتا قەیتانی پێڵاوەکەم لە بەردەرگای ژوورەکەم کە ژمارە یەکی شوققە حەوت ژووریەکەیە نەکردۆتەوە و دەرگاشم نەکردۆتەوە، "غەریب غەریبی شاران، کەوتمە دوورە وڵاتان"، ئاوازێک بۆ یەکەمینجارە دەیبیستم و دەڵێی تێکەڵی رۆحمە، موچرکەیەک ئەمهەژێنێ، سەیری باڵکۆنەکەی بەرامبەرم ئەکەم، کاک کۆچەری بایلۆجی کە هاوڕێیەکی ئازیزی هەولێریە، تەسجیلێکی دەسکداری شەحنی بە دەستەوەیە و گوێی لەو دەنگە گرتووە، نزیکتر دەبمەوە، " ئەی یاری نازدار دەردو لە من" ئەم ئاوازە سیحرت لێ دەکات و بە خۆت نازانی، واقم وڕما.

پێکەوە بە بێدەنگی گوێمان گرت تا گۆرانییەکە تەواو بوو .. یاخوا خۆت و تەسجیلەکەشت بێوەی بی بن برا، ئەم

**دەنگە ئەفسوناوییە کێیە، بۆ من نەمبیستووە،" ئەوە ناوی ئیسماعیل سابوری" و رۆژهەڵاتییە، خۆیان واتەنی مەحشەرە!**

**من ئاوا تۆم ناسی و زۆرجار دانیشتووم بە دیار پلەی ئۆڵی گۆرانییەکانتەوە و تۆش ئاوا بێدەنگیت هەڵبژارد و ڕۆشتی .. رۆحت شاد مامۆستای هێژا!**



# سیاسەت!

دروست ئەمە فەزڵی خوایە؛ هەرگیز لەسەر سیاسەت رقم لە کەس نەبووە، تا ئەو کاتەی لە شوێنێ بووبم دڵسۆز و ماندونەناس و خەمخۆرانە ئەرکی خۆمم جێبەجێکردووە، کە جێمهێشتبێ نەک پاشملە باسی شوێنەکەم و هاوڕێکانم نەکردووە بگرە درکاندنی هەموو قسەو وتە و بڕیار و هەڵوێستەکانی ئەو شوێن و کەسانەشم لەسەر خۆم حەرام کردووە، دڵ و زمانیشم لەسەر بیرکردنەوەی نوێ و کاری نوێ و هەنگاوی نوێ راهێناوە. هاوڕێیەتی و دۆستایەتیم تا سەرە و بە تاکە دەسکەوتی تەمەن و ژیانی خۆمی دەزانم!

کۆتایی



Momen Zellmi